# شەوی پەتاتە

بە یانی یەکی زووی یەك شەممە بوو، ئەستێرەکان بەزاندیان و کردیانە خەو٠ خەو مەلێکی سرك بوو زۆر جار کە دەستەمۆ ئەبوو لە پڕ لە چنگی فرتەی ئەکردوو بەرە بەیان لێ‌ی بەلەسە ئەبوو٠

ئەو ماڵە گەورەو بێ دەنگە ، شەوانی درێژ و خامۆشی و تەنیایی وبێ سروەیی حەزێکی قوڵیان تێدا خولقاندبوو ، کە زیاترو زیاتر بەرەو ناخی شتەکان ڕۆچێ و بیر لە خۆی و لە بوون بکاتەوە ٠ دڵنیا بوو کە تەنیایی و خەمەکانی دوو هاوڕێ‌ی بە ئەمەکن و جێ‌ی ناهێڵن ٠٠٠٠٠ جا ئەم جگە لەو جووتە چاوە هەنگوینی و خەم و تەنیایی کێ‌ی لە دەورە ٠

دانیشتبوو هەردوو ئەژنۆی لە ئامێز گرتبوو ، وەك بە سنگی‌یە وە نوسابێت ماوەیەکی درێژ بێ ماندوو بوون لە باوەشی ئەگرتن ٠ بیرکرد نە وەکانی هێور بوونەوە ، ویستی خۆی ڕاست بکاتەوە نەیتوانی دەستی لە ئەژنۆکانی نەئەبوونەوە ، ئەژنۆکانی لە سنگی جیا نەئەبوونەوە ، زۆر هەوڵی دا سەری بڵند بکاتەوە ، ملی ڕاست نە ئەبۆوە ، کە لە دەوری خۆی ڕوانی بازنەیەکی تیشکی خۆر دەوری دابوو ٠ ئێستا بە تەواوەتی دڵنیا بوو ، کوڕەکەی جاران نی‌یە و بووە بە گۆیەکی خڕو دەورو بەری تاریك و جگە لە بازنە زێڕینی یەکە ، چیتر بەدی ناکات ٠ ئایا بۆچی و کەی و چۆن وای لێ هاتووە ؟ ئەی ئەم شوێنە تەسك و شێدارو تاریکە کوێ یە ؟ ئەم پرسیارانە لە مێشکی دا گینگڵیان ئەخوارد تا بیری هاتەوە کە دوێنێ مردبوو ، خۆی لە پرسەکەی خۆی دا دانیشتبوو ،هاوڕێ و دۆست و هاوەڵەکانی ئەهاتن و سەرخۆشی یان لێ ئەکرد ، ئەمیش وەك ئەو خەڵکە زۆر خەمی بۆ مردنی خۆی خوارد، خەمی بۆ هیواکانی ، خەونە سەوزو خەمە سەوزە کانی خوارد٠٠٠٠٠٠٠ بە خۆی ئەوت نە من یەکەم کەسم و نە دوا کەسم خەون و خەمەکانم وەك خەو هەڵ بوەرێن و بەو خاکەدا پەرش و بلاو ببنەوە ٠ کۆمەڵێك هاتن و بەرەو ژێر دار ئەرخەوانەکان هەڵیان گرت ٠٠٠٠ گوێ‌ی لەو دوو هاوڕێ‌یەی بوو دارە مەیتەکەیان هەڵ گرتبوو :– حەیف بەخوا حەیف

–حەیف بەجوانەمەرگی سەری نایەوە

ئەیویست هاوار بکات ، بڵێ من نەمردووم زۆر بە ئاشکرا ئەتان بینم ، گوێم لێتانە ، بەلاّم بەربەستێکی شووشەیی ئەستوور دەنگی دیل ئەکردوو نەی ئەهێشت بە کەس بگات کە بیری لەم ڕووداوە ئەکردەوە ، تا ئەو کاتەی لە بیر بوو ، لە ژێر گڵکۆکەوە ، گوێ‌ی لە پەیتاپەیتای خرمەو خشپەی گڵە کەبوو ئەیان کردە سەر گۆڕەکەی ٠

ئاگای لە وتەکان، دوعاکان ، فاتیحا و( یاسین) ە کە بوو٠٠٠ بەلاّم نەی ئەزانی کەی ئەو حەشامەتە چۆڵ بوو ، وە بەتەنیا ماوەتەوە٠

تەنگی شوێنەکە تاساندبویان ، نەیئەزانی بۆچی بە تەنبا جێ‌ماوە بۆچی گرمۆڵە بووە و دەست و پێکانی لە لەشی جیا نابنەوە ؟٠ هەستی ئەکرد ئەمیش بووە بە تۆپەڵە گۆشتێك٠

بەلاّم دڵی هەر دڵەکەی جارانەو پرتە پرتێتی٠ چاوەکانی لەو تاریکستانەدا ، بەدوای جیلوەی جوانی دا وێڵە ٠ هێشتا لە بیرکردنەوەدا بوو خرمەو خشپەی گڵەکەی ڕاسەری دەستی پێ کردەوە ، زۆری نەبرد بێڵێکی دی ، وردە وردە دائەبەزی‌یە خوارەوە و لە پشتی‌یەوە ڕابورد و لەگەڵ جووڵە و کشانەوەی بێڵەکەدا خۆی لە سەر زەوی دی‌یەوە ، ڕووناکی یەکان هێندە تیژ و ڕوون بوون خەریك بوو نابینای کەن ٠ دەستێکی زبرو هەتاو بردەڵە هەڵی گرت و لە گونی‌یە یەك دا خستی یە پاڵ چەند تۆپەڵە گڵێکی ترەوە ، کابرا سەری گونی‌یەکەی بەستەوەو هەڵی گرت و لە شوێنێکی تردا وەستا و چەند تۆپەڵە گڵێکی تری خستە تەنیشتی یەوە ٠

گەر چی ئەم چوارەم تۆپەڵە بوو ، زۆری نەبرد ، گونی‌یەکە پڕبوو لە تۆپەڵە گڵ ٠ کابرا بە ئاسانی دای بە کۆڵی دا و بەرەو ماشێنە پشت بەتاڵەکە ڕۆیشت ، هەڵی دانە پشت پیکابەکەوە پاش ماوەیەکی تر چەند گرمەیەکی لە تەنیشت دا گوێ لێ بوو ، وای ئەزانی ، بوومە لەرزەیە٠ ماشێنەکە پاش ئیستێك کەوتە جووڵە و بەرەو شار بووەوە ٠ لە ﴿ عەلوەکە ﴾ ، لە گەڵ تۆپەڵە گڵەکانی تردا هەڵ ڕژایە ناو ئەستێلکێکی پڕ لە قوڕاوە وە٠

دوو دەستی زبرو چڵکن ، بە پارچە ﴿ شاڵ ﴾ ێکەوە هاتە ئەستێلکەکەو تۆپەڵە گڵەکانی یەك بە یەك هەڵئەگرت و بە شاڵە تەڕەکە پاکی ئەکردنەوە و فڕێ ی ئەدانە ناو گونی‌یەیەکی ترەوە٠ کە تۆپەڵە گڵەکانی هاوەڵی لە گڵەکە پاك ئەکرانەوە ، پەتاتە بوون، تۆ بڵێ‌ی ئەمیش بوبێ بە پەتاتە ، وای ئەزانی خەون ئەبینێت ، ویستی نقورچێك لە خۆی بگرێت ، تا بزانێت خەوە یان ڕاستی‌یە ، بەلاّم دەستی بە ئەژنۆی دا لکاوە ، دەستی ناگاتە خۆی نقورچێك بگرێت ٠ کە ئەمیش پاك کرایەوە و هەڵدرایە ناو گونی‌یەکەوە ، لەگەڵ کەوتنە خوارەوەدا ووتی –( تا نەبیت بە پەتاتە ، نازانی مرۆڤ چەند دڵڕە قە وڕەق ڕەفتارن ٠ باشە نازانێت منێکی پەشموردەی ناسك و نیان ، گەر بەرگەی شاڵەکە بگرم ، ئەی چۆن بەرگەی ئەم فڕێ‌دانە ئەگرم )٠

ئێستا حەزی ئەکرد کە دەست و ئەژنۆکانی لە لەشی جیا نابنەوە ، وانەبووایە لەم فڕێ‌دانە خوارەوەیەدا ، دەست و قاچێکی ئەشکا ٠ گونی‌یەکە لێوان کراو گرێ دراو لەگەڵ چەند گونی‌یەکی تردا فڕێ درایە پاش ماشێنەکەو بەرەو بازاڕ کەوتە جووڵە٠

لە بازاڕدا شوێن بە شوێنی ئەناسی‌یەوە و خۆی لەو شوێنانەدا ئەبینی یەوە ، لێرەدا چەرەسی کڕی بوو ، لێرەدا میوەو سەوزە ، ئاخۆ ئەوە دوکانی ترشیاتەکە بێت ، بەڵێ خۆیەتی ٠ بەبێ ماڵئاوایی لە هاوەڵەکانی ، خرایە کیسێك و ئەفەندی یەکی قۆز هەڵی گرت و لەم بیر کردنەوانەی خست ٠ زۆری پێ ناخۆش بوو کە لەو دیمە ن و ئەند ێشانەی کرد ﴿ نەئەکرا ، کەمێك دواتر بهاتیتایە ،

باشە وەك فڕێدرامە ئەم کیسەوە با ئاوی بووایە ، با هیچ نەبووایە تا ئەگەیشتمە چێشتخانەکەیان ئەو ڕێ و بان و خەڵك وخوایەم بدیایە ، ئای ژیان چەند سەیری ئەوەشم پێ نابڕێ پێش ماڵئاوایی یەکجاری چەند ساتێك بە یادە شیرین و بەڕوخسارە شیرین و بەم شوێنە شیرینانەدا بڕۆمەوەو دیدە و دەروونمی پێ زاخاو بدەمەوە ﴾٠

گڕەگڕی ماشینەکە نەما ئەفەندی‌یەکە ، بەڵێ خۆیەتی هەمان هەڵگرتن و تین بوو ، هەڵی گرت و بردیە سەرەوە ٠ لە سەر سینکەکە داینا ، زۆر هەوڵی دا بجولێت وخۆی لە کیسەکە قوتار بکات ، بەلاّم سوودی نەبوو ، ئاهوو نزولەی بێ‌دەنگی گەیشتە کەشکەلانی ئاسمان ودەستێکی ناسك ﴿ ئۆو خۆ ئەم پەنجە بلووری‌یانە ئەناسم ، ئەم نینۆکە شووشەیی‌یانە ، ئەم مەچەکە ساف و لووسەم دیوە ، ئەیناسم ، ئەمە دەست و پەنجەی (گەزۆ) یە ، بەڵێ خۆیەتی هەر ئەوە وابەنەرم و نیانی بێ ئەوەی دەنگی جووڵەی پەنجەو دەستی بێت هەڵی گرت و خستی‌یە بەر ئاوەکە ، کە چاوی هەڵبڕی دەریای هەنگوینی چاوە کانی بینی ، حەزی ئەکرد خۆی هەڵ بداتە ناو دەریاکەوە ، خەم وپەژارەی نەما ووتی ﴿ نەو ، ژیان سەیر نی‌یە ، ئەوە نی‌یە ئێستا من لە

نێوان پەنجەکانی گەزۆدام ، ئای کەحەز ئەکەم ئەم گلّ و خۆڵەم بە ساڵێك لێ دانەشۆرێت ، ئای کە بەختەوەرم ، تۆ بڵێ ی بم ناسێتەوە ، گەرچی نەشم ناسێتەوە چیم لە دەست دێ با بیر لەم شتانە نەکەمەوە ، با لە شەرابی لێو و هەنگوینی چاوەکانی بخۆمەوە ﴾ ٠

زۆر نەبوو لەگەڵ چەند سەلکە پەتاتەیەکی تر لەسەر سینکەکە دایینابوو ، خەریکی پاك کردنی پەتاتەیەکی تر بوو ، ئەم لێرەوە مووچرکە بەسەراپای لەشی دا ئە هات ( تۆ بڵێ ی منیش واپاك بکات ، ئەی چی ، خۆمنی بۆجوانی ناوێت ؟ )٠ کەبینی گەزۆ کەوتە قاش کردنی پەتاتەکەی هاوەڵی ، دیسان مووچرکەیەکی سارد بەهەموو لەشی دا هات ( نا ، باوەڕ ناکەم ، پاکیشم بکات لەت لەتم ناکات ) ئەمیش سەرەی هات و پاك کرا ، لەت لەت کرا ، زۆری نەبرد لەتاوەکەدا چزەی لێ هەڵسا ( ئا ، خۆ خەریکم ئەسوتێم ، باوەڕ ناکەم گەزۆی ناسك ودڵ ناسك و رەفتار ناسك وابم سوتێنێ ، بەڵام وا پشتم بوو بەدەنوکی کەو ، ئای وورگم سووتا ، هاوارم ناگاتە کەس باشتر وایە هەر بەنهێنی یەوە بۆ ئەم سووتانە بناڵم ) کە سەراپا بوو بەدەنوکی کەو خستی یە سەر دەفرێکی پلاسکۆو لە سەر مێزە هێلکەیی یەکە دایناو بەرانبەری دانیشت بەخەیاڵا چوو بە چەتاڵ یاری بە دەفرە پەتاتەکەی بەر دەمی ئەکرد ئەمە هەلێکی چاك بوو بۆ ئەم والە نزیکەوە لە دەم و چاوی خڕو چاوی هەنگوینی وبرژانگی درێژ و لوتی قیت و لێوی تەنك و ئەو بزەیە ووردبێتەوە کە ئەتووت مناڵە و بەدەم فریشتەوە پێ ئەکەنێ ٠

زۆر بەقووڵی لەو ڕووخسارە هێمنە و لەو گیانە سەنگینە ، لەو جووڵە نەجیبانەی گەزۆ وورد بووەوە ٠ حەزی ئەکرد زوو چەتاڵێکی پیا بکاو بیبات بۆ دەمی ، بڕیاری دا وەك ( خدر ) بەکانیی لێوەکانی دا بنووسێ وتێرتێر ماچیان بکات ( ئای کە بەختەوەرم ، کەمێکی تر ئەو من ئەخوات ومنیش لەگەزۆی لێوەکانی ئەنۆشم ، بەڵام ئازیز وانەزانی کەخواردمت ئیتر تەواو ، بەڵکو تێکەڵ بە خوێنت ئەبم و بەهەموو لەشتدا بڵاو ئەبمەوە ، هەموو بەیانی یەك لەگەڵ بزەی خۆردا گۆرانی عەشق بۆ چاوەکانت ئەڵێمەوە ) ٠

چەتاڵەکەی پیا کردوو خەریك بوو بیبات بۆ دەمی ، لە دەم چەتاڵەکە کەوتە خوارەوە ، خەوەکەی بچڕا خەریك بوو لەسەر چرپاکە بترازێ وبکەوێتە خوارەوە ٠

# ئاوێزان

شەو درەنگ بوو ڕۆیشتەوە، ماڵەکەی پڕبوو لە ڕێچکە مێروولەی هەنگوینی و ڕەش . چەند ئافرینەدەکراوێکی بچکۆلەبوون ، پێیان هەراسان ئەبوو . کە مێروولەیەکی ئەبینی ، حەزی ئەکرد پانی بکاتەوە . کەوتە راویان ، بێ هوودە بوو . پاش ئیستێك ، کیسە (سێڤن) ە کەی هێناورشتی بەسەریان دا ،بەدەوری‌یان دا. حەزی ئەکردو ئەیویست دەم ودەست نغرۆیان بکات . هەستی خۆشی سەرکەوتنەکە لەوە بێ هۆشی کرد ، دەستی تێوەچوو . دانیشت و پاڵی دایەوە ، جگەرەیەکی داگیرساند، ﴿چەند خۆشە، جووڵەی مێروولەیەك لە ماڵ دا نەبێت﴾ ، هەستی کرد جگەرەکە دەمی پڕکردووە لە لیکێکی شیرین ، لەبیری نەئەهات هەرگیز بە دووکەڵی جگەرە ، هێندەچاوی چوزابێتەوە ، هێندە ئاوی کردبێ ، (تۆ بڵێی فرمێسك بۆ مێروولەکان بڕێژم یان فرمێسکی سەرکەوتن بێت ) . پێڵووەکانی سووربوونەوە ، ئەچوزانەوە ، هەڵی گلۆفتن، هەر ئەچوزانەوە. هەستی ئەکرد بینی کەمێ سوارە ، بە توڕەیی‌یەکەوە، سەری جگەرەکەی لە تەپڵەکەکەدا پان کردەوە.﴿جگەرە وام لێ بکات، ئیتر نایکێشم﴾

بڕیاری دا ، ئیتر جگەرە نەکێشێ ، تەندروستی ولەش ساغی لە خۆشی جگەرە لا پەسەندتربوو ، تا ئەهات چاوی زۆرتر ئەچوزایەوە . هەناسەی توندتر ئەبوو ،وەك چۆراوگە لیك بە گۆشەی دەمیا ئەهاتە خوارەوە (تۆ بڵێی ئەمە چی بێ ؟ ٠٠٠٠ تۆ بڵێی٠٠ ! ؟ ) .

﴿سێڤن ﴾ و مێروولەکانی بیرکەوتەوە ، سام گرتی ، ترسی ئەوە دایگرت ، کە ژەهراوی بووبێت. چاوی لێڵ بوو ، هەناسەی توندتربوو (بەم نیوەشەوە چی بکەم ،دەستم بەکوێ ، بەکێ ئەگا ؟). شەو درەنگەو کەمێکی تر مۆتەکەی خەو ئەیباتەوە و لەم بیرکردنەوانەی قووتار ئەکا. ﴿تۆ بڵێی پیاڵەی تەمەنم ئەمشەو هەڵچۆڕێ﴾ خەمێکی خەست دایگرت ، فرمێسك و ئاوی چاوی تێکەڵ بوون (ئەمرم ، چۆن بمرم ،هێشتا خەم و خەونم زۆرماوە ؟).

خەمی زۆر بوو ، ڕێچکە خەمی هەبوو(چۆن بمرم ، ئەی هەر زیندوو خەم ناخوات، ؟ نامرم تا خەمم هەبێ، کەواتە نامرم زۆرم ماوە ) .

تا ئەهات بینی سوارتر ئەبوو ، لەبەرخۆیەوە کەوتە وڕێنە :

﴿ چۆن بە نابەکامی بمرم، هیچ شوێن دەستم بە ژیانەوە دیار نەبێت بمرم، وەك زۆربەی مردووەکانی گۆڕستان لە سەر گۆڕەکەم بنووسن، لەوەنەدا لە دایك بوو لەوەنەدا کۆچی دوایی کرد. من ئەمەوێ نەمرم ، تا شوێن پێم دەرئەکەوێ ، نەك وەك کوللوە بەفر پاش بارین ، بێ پاش ماوەلە جێی خۆم دا بتوێمەوە، ئەبێ بۆ ئەوە بژین ، کە بمرین،یان بۆ ئەوەیە ، ئاوات و حەزو خەونەکانمان بەرجەستە بکەین؟ ژیان چەند سەیرە، مردن لەو سەیرترە٠٠٠٠ تۆ بڵێی مردن ئامانج بێ وژیان شێوازێکی ناکامڵ بێ بۆ گەیشتن بە مەرگ؟! ٠٠٠٠ چەند سەیرە بەمردن ، لەساتی مردن دا ئەم کلافە حەزو خولیاو زۆرداری‌یەی مرۆڤ ئەبێتە، پارچە گۆشتێکی سارد، کە لەوانەیە تەنیا چەند لنگەفرتەیەکی پێ ببڕێت ٠٠٠٠ کەواتە بۆچی ئەژین؟ ، کەمردن هەبێت، بۆ هەوڵ ئەدەین ، ئایا بۆ ئەوەیە تا زیندووین ، بژین؟٠٠٠٠ کەواتە بۆ رق وکینە بخەینە ناخمانەوە ، بۆ پاشقول بگرین ، کەمردین، تەنانەت ناوو ئازیزەکانیشمان جێ ئەهێڵین.

کەمێ بێ ورتە مایەوە ، لە دڵی خۆیدا ئەیووت ﴿نا وانی‌یە ، ئەی فیرعەونەکان هەموو شتە جوان وعەنتیکەکانیان لەگەڵ خۆیان دا نەبرد ، نا نەخێر هیچیان نەبرد، شتە جوانەکانیان لەگەڵ خۆیان دا زیندە بەچاڵ کرد ، ئەی جوان نەبوون ، کاریگەریان لە سەر هەست و نەستی مرۆڤ نی یە ، کەواتە زیندوون٠٠٠ کەواتە ڕاستە زیندە بەچاڵیان کردن﴾ .

بەدەم وڕێنەوە ، درێژەی دا بەبیرکردنەوەکانی ﴿ ئای بەستە زمان ، فیرعەونەکان مردن ، تۆ چیت نەمریت ، لنگە فرتێی ناوێ ،لە سەرخۆ خۆت بە دێوەزمەی مەرگ بسپێرە، تۆ نە یەکەم ونەدوا کەسیت ئەمریت؟، مەترسە، هەر زیندوو ئەمرێ، ڕێچکەیان بەستووە و جیهانی مردووان سەدان هێندەی ئێرە قەرەباڵغترە ﴾ .

زۆر هێمن و بێ وورتە پاڵی دابووەوە ، پرتەو بۆڵەی نەمابوو ، ملی بە لاشانی دا کەوتبوو ، لەوە ئەچوو ،خەوی لێ کەوتبێت، یان کەوتبێتە خەوە جاویدەکەوە .

# دابڕان

له بارانه زۆرەکەی پارەوە ، پەڵەیەکی ناشیرین کەوتبووە سەر دیواری بەر هەیوانەکە یان . لەگەڵ دایکیا زۆر بیریان لەوە کردەوە چی لێ بکەن؟ ،ئەوە بوو بەهار گەچ کاری‌یان کردووە . بەڵام سوودی نەبوو ، زۆری نەبرد هەمان پەڵە وەك برینێکی ناشیرین کەوتەوە سەر دیوارەکە .لەگەڵ چوونە دەرەوەدا رووی بە رووی ئەم زامە بێزەوەرەدا ئەتەقی‌یەوە، هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوو چی لێ بکات .

– کچم ، هەرچی‌یەکی لێ بکەیت کەڵکی نی‌یە ، بۆچی دیوارەکەت بەو پەڵەیەوە ناوێ وبڕایەوە ؟پەڵەی دیوارەکەی وەك ئەو رتووشە ئەهاتە بەرچاو ، کە جار جارە بە روخساری دایکی‌یەوە ئەیدی . ئەیویست بڵێ ﴿دایە گیان ئەم پەڵەیە، زامێکی ترە لە دڵم دا، وەك تۆ لێی بێ باکی بامن چارەسەرێکی بکەم و کەم ئازارم بدات ﴾

له سەر کارەکەش ،زۆر جار باس باسی ئەم پەڵەیە بوو، تەنیا (راز) بوو، هاوبەشی‌ی ئەم خەمەی ئەکرد و پێکەوە بە دوای چارەسەرێك دا ئەگەڕان ، دەرەنجام بڕیاری‌یان دا،ئاوێنەیەکی وای لەسەر دابنێن ، بیشارێتەوە . کێشەکە چارەسەر کراو، لەبیرچووەوە، لەو ساوە گرێی بەختی (سێوە) کرایەوە، کارمەندێکی هاوکاری خۆی ،خواپێداوێکی شار،هەندەرانی‌یەك هاتنە خوازبێنی، بەڵام ئەم مانی لە شووکردن گرتبوو. وا (راز) یش شووی کرد و ئەم هەر لە جێی خۆیەتی . ئەمڕۆ پاشتێلانەی (راز)ە و لەگەڵ هاوکارەکانی‌دا ئەچن بۆ لای . هەرئەبێ‌بڕوا،گەرچی دایکی کەمێ ناساغە،هە رئەیویست بڕوا،گەرچی‌ئامۆزاکەی‌لە (پەتری‌پۆت)ەوە تەلەفۆن ئەکات،هەرئەبێ بڕوا .نەیزانی ئەو نیوەڕۆیە چۆن خەوت،بێداربووەوە ،گەرماوی کرد،لەفی کرد،پۆشاکەکانی‌لەبەرکردو رتووشی‌کرد.زۆرپەلەی بوو،تازووبگاتەهاوەڵەکانی و لەکات دا بگەنەلای(راز). خۆی ئامادەکردبوو،پاش ئەوەی تەلەفوونەکەی نزیك دایکی خستەوە ، ماڵئاوایی کردو فرتەی کرد دەرچێت

بۆکوێ،بۆکوێ؟!

ئاوری دایەوە ،دەنگەکە لەدەنگی دایکی نەئەچوو،

هاوڕێ،بێ ماڵئاوایی بۆ کوێ ئەڕۆی. ئەی ئەو لەفانە لەسەرت ناکەیتەوە ؟

کە لەئاوێنەکەی ڕووانی ،دەستی کرد بە پێکەنین،زۆر بوو وا لەدڵەوە ، وابە قووڵی پێ نەکەنیبوو. سووپاس

سووپاسی ناوێ

کە باشتر لەخۆی روانی حەپەسا،گەرچی رۆژی دەجار لە ئاوێنەکاندا سەیری خۆی ئەکات ،(ماشاوالله)لەخۆی ئەکات،بەڵام ساڵانێکە وابەوردی لە خۆی وردنەبۆتەوە .ئاوساوی بەرچاوەکانی ،چرچەکانی ئەم لاولای لووتی حەپەسانی.

خەفەت مەخۆ،هێشتا ماوتە ، ئەوە کاریگەری ماندووی و بێ خەوی‌یەکەی ئەم دوایی‌یەیە.

ماندوویی و بێ خەوی چی ؟ ئەمە ژەنگی خەم و تەمەنە.

تۆ خۆت خەم کڕی.

بۆچی؟

دەبا تۆش لەکاروان دوا نەکەوی ، چیت لەو دەستە خوشکانەت کەمە ،یەك یەك شووئەکەن .

تاس بردی‌یەوە ،هەرئەوەی کەم بوو خاتوو ئاوێنەش ، ئامۆژگاری بکات، بە کەمێ دەمارگیری‌یەوە ووتی

توخوا بیبڕەوە، بۆ هەمووشووکردنێك شووە؟

له دڵی خۆی‌دا ووتی (لەوە ئەچێ زۆر جیاوازیش نەبێ ،ئەوە نی‌یە میسری‌یەکان ئەڵێن سایەی پیاو نەك سایەی دیوار ،بەڵام ئەوان بۆ خۆیان ووت ، لەوە ئەچێ کچەکانیان لێ تەوق بێ ).

بۆ بیبڕمەوە ، کوڕەقۆزەکە ی لەگەڵ دایکی هات ، کابرای پۆشتەو پەرداخ کە کوپەیی‌یەکەی لە دەرەوە راگرتبوو ، یان ئامۆزا هەندەرانی‌یەکەت ، لەچی‌یان کەم بوو ، یەك لە یەك باشتر بوون. کەوتە بیرکردنەوە ئەو رۆژانەی هاتەوە یاد ، کە ئەم خوازبێنی کەرانە ، گەڕیان لێ ئاڵاندبوو﴾ راستە قۆز بوو ، پۆشتەو پەرداخ بوون ، ئامۆزاکەشم هەندەرانی ۰۰۰۰ نەچوونەدڵم ، زۆر هەژار بوون ، یەکەمیان تەنیا روخساری هەبوو، لەناوەوە بۆش ، خوا پێداوەکەش زۆر بەستەزمان تەنیا پارەی هەبوو . ئامۆزاش مانگەشەوێکی لێڵ ، نا کەسیان بە کەڵکی من نەئەهاتن، خۆ خۆم لێ تەوق نی‌یە ، ئەم جۆرە شووانە بکەم . دەنا منیش حەزئەکەم شووبکەم ، هاوڕێکانم لێ کۆبێتەوە ، باسی زاوایان بۆ بکەم ، دیاری و جیازی‌یەکەیان لەگەڵدا هەڵگرم ، تارای سیی بپۆشم و ئەو خەڵکە بۆ خۆشی من ئاهەنگ بگێڕن و۰۰۰۰ ﴾.

لەوە ئەچێ لووتت بەرز بێ ، بۆیە تا ئێستا تەنیا باڵی؟

لووت بەرزی نی‌یە ، خوایە چۆن تێی بگەیەنم ؟

تکایە زۆر بەرز مەفڕە ، من لە خۆت زیاتر ئەتبینم ، وا بووی بە قەیرەو بەهاری جوانیت روو لە خەزانە .

فرمێسك لە چاوەکانی دا قەتیس مان ، زۆری لە خۆی ئەکرد قوڵپی گریانەکەی ئەگەڕانەوە ، مات بوو ورتەی لێ نەئەهات، (راست ئەکات ، خەریکە بە سەر ئەچم ، بەڵام کێ بێ لێم تێ بگات ، نا کەس نەئەیەوێ و نەئەتوانێ لە رازەکانم بگات)، ئاوێنەکە ، کەهەستی کرد بریندارى کردووە ، ویستی دڵی بهێنێتەوە.

بەڵام لەچاوی من دا ، لە هەموو کچانی ئەم شارە جوانتری ، سەلاری ، نەرم و نیان و بە سۆزی.

ناخۆت گێل مەکە ، هەوڵیش مەدە بەم ووتانە لە خشتەم ببەی ، خۆم چاك ئەزانم ژەنگی خەم و تەمەن ، دایرزاندووم . مات بووەوە ، دووسێ دڵۆپ فرمێسك لە پێلووەکانی‌یەوە دزەیان کردو بەرەو خوار خلۆر بوونەوە (ئەبێ بۆ ئەو رابوردووە بگریم، کەبەردەوام نەبوو ، ئێستا بووە ،بەخەم و ئەشکەنجەی گوڵێکی ژاکاو).

باوەر بكە بەراستمەو ئەوەشی ناوێت خۆت هەراسان بكەی ، رۆژی بووە تۆ شاشۆخی ئەم شارە بوویت و ئەبێ ئێستا كە بیر لەو ساتانە ئەكەیتەوە شادبی ، دەمت بەیەك دا نەیەتەوە.

دڵم بەچی شاد بێ ، ئەو خۆشی و جوانی‌یەی رابردوو ، كەلە ئێستاو داهاتوودا بەردەوام نی‌یە ، ئەبێ بە ناخۆشی و ناشیرینی .

باشە كەئەوەندە بلیمەتی ، ئەم لووشكە لووشكەت لەچی‌یە؟ بە ئاوێنەكەدا راما، ئەتووت لە هاوڕێ یەكی ورد ئەبێتەوە ، دەمێكە نەیدیوە ، لەو دیو ئاوێنەكەوە ئەندێشەی چوو بە لایەكی تردا ، ﴿ بۆخۆم ئەگریم ، بۆدڵی نێژراوم ، بۆ ئەو شاخە كوڕە ئەگریم ، لە بەر ئافەرینی پەری‌یەكانی ئەهەیمەن، بوغزاندم و روویەكی خۆشیم نەدایە ، ئای كەگێل بووم ئەمزانی پراوپڕی خەونەكانمە ، ئەتوانم كلیلی گەنجینەكانمی بدەمە دەستی ، ئەیتوانی ژیانم پركات لە خۆشی و شادی ، زۆر نەبوو ئەمناسی هەستم ئەكرد لە خۆم بەخۆم نزیكترە ، لە ناخما ئەژی ، كەلە گەڵیا بووم هەستم ئەكردشاخێكم لە پشتە ، شاخێكم لە گەڵدایە﴾

بۆ وا پێم دا ئەبڵەق بووی ، هاوڕێ لێم زیز مەبەو زۆر دڵ گرانم بۆت؟

نا لە تۆ دڵگران نیم ، بیرم لە ژیانی خۆم ئەكردەوە" ئەو ساتەی گەنج و لاو بووم ، كە دەستم بۆ رائەكێشراو نەمامی حەزم لەدڵی لاوان دا ئەڕواند، شاخە كوڕێكم ناسی ، بەڵام لەبەر قسەی هاوڕێكانم ، دڵم رەش كردو ، ئەو عاشقە كڵۆڵە ، لەمن كڵۆڵ‌تر،ماوەیەكی دوورو درێژ٠٠٠٠٠

بۆی تەواو نەكرا ، دایە پڕمەی گریانێكی بە كوڵ ، ئاوێنەكە حەزی ئەكرد ، ئەو رستە مرواری یەی بۆ بسڕێ ، بەڵام مەخابن. بەڵێ گریاو ئاوێنەكەش لەگەڵیا گریا ، زۆر گریا ، كەهێمن بووەوەو ، بە دووچاوی پڕ لە پرسیارەوەو ، لە ئاوێنە كە راما"

-بە هیوای عەشقی منەوە، ئەژیا ، ئەمزانی بووم بە هەموو بوون و خۆشی و سەرچاوەی تین و برستی . ئەمزانی ئەمبینی كەوەك مۆم بۆمن ئەتوێتەوە . بەڵام ئەم دڵە گێلەی من ، باوەڕم بەوە نەئەكرد ئەم بینی و بڕو بیانوی دەستە خوشكەكانیشم ، كوێریان كردبووم، چەند هەوڵی دا ، چەندی راسپارد كەڵكی نەبوو٠٠٠٠

دەستی كردەوە بەگریان، (ماسكارا) كە بوو بە دوو جۆگەی رەش و لە سەر پێستی پەمەیی روخساری دا هاتنە خوارەوە . هەرگریا، جۆگەكانیش هەر ئەرۆیشتن ، هەرئەگریا، گریا، ئەوەندە گریا، ئەوەندە فرمێسكی رشت، ئەتووت دوا جارەو ئیتر نەگریان و نەئەشكی پێ نامێنێ .

ئیستاش لە هەموو پیاوێك دا ، لە هەموو شتێك دا بەدوای ئەو خۆشەویستەدا وێڵم ، كە رۆژێك بۆ ئافەرین كردنی هاوڕێكانم بێ ئومێدم كرد ٠٠٠٠ كوا ئەو شاخە كوڕە كوا ؟ دەنا هەبێ حەز بكات بەكچی پرچی سپی بهۆنێتەوە؟یەكەم ناسینی ، ئەو لاوەی هاتەوە یاد زۆری نەبرد ، هەموو ناخ و بیركردنەوەی داگیر كرد ، ئەو ساتانە هێندە دڵی خۆش بوو ، نەیئەزانی رۆژێ دێ ، ببنە یادگاری‌یەكی تاڵ ﴿ئێمە بوو بووینە دووانەی گیانی‌ی یەكتر، دووانەیەكی سیامی ، تائێستاش هەست بە ترپەی دڵی ، بەشیرینی گفتەكانی ، بە ئەفسوونی قاقاكانی ، بە جادووی ووشەكانی ئەكەم، بەڵام ئاخ پەشیمانی چی لێ سەوز ئەبێ﴾.

بەراستی تەزاندمت ، هەژاندمت ، نەمئەزانی ئەم سێوە ، قەیرەو سەلارە ، ئاگرێكی جاویدی لەناخ دایە . بەڵام پرسیارێ كە تۆ بۆت دەركەوت، هێندەت خۆش ئەوێ ، بۆ هەوڵت نەدا ، زامەكان سارێژبكەیتەوە ، لێی نزیك بكەویتەوە.

پاش چی ، پاش نغرۆبوون ، نەئەكرا ، ئەكرا، نازانم وازم لێ بێنە، هیچ نازانم.؟

ئیتر هەرگیز باسی شووكردنت لاناكەم و ئامۆژگاریم ئەوەیە ، نەچووە بچێ هەوڵێ بدە ، مافی خۆتە ، بجەنگێ ، عەشقەكەت بدۆزەرەوە ، هەوڵ بدە ، زامەكان سارێژ بكەرەوە.

مات بوو ، هێمنی‌یەكی سەیر سەراپای داگرت(خۆزگە ، نەچووایە بچێ ، خۆزگە ئەم جارە ئەم دی‌یەوەوە ، ئەم زامانە سارێژ ئەبونەوە، ئای كە جاران گێل بووم ٠٠٠٠ باوەڕ بكە هاوڕێم ، گەرچی خۆشم ئەوەم ناوێ ، رۆژ بەرۆژ لەم دووری و دابڕانەش دا ، خۆشەویسترو خۆشەویستر ئەبێت ، بەڵام هەرچەند ئەكەم ، ئەم ناڵەو گریەیەم لەوە پێ باشترە ، عەودالی بم و من بە دوای‌دا بگەڕێم و برینەكان سارێژ بكەمەوە ، خۆزگە هەڵكەوتایە ، رێكەوتێ برەخسایە لێكی نزیك بكردینایەتەوە ، ئەوسا ئەتزانی كە مەرگیش نەیئەتوانی ئەم جارە لێكمان دابڕێ، بەڵام ئاخ و خۆزگە بۆ كێ بەری گرتووە، تا بۆ من بێنە بەر ، بێنەدی )

ئاوێنەكە بە (سێوە) دا ئەبڵەق بووبوو ، هەستی ئەكرد ، سێوە لەجاران جوانترە ، خۆشەویسترە ، بزەیەكی هێمن لەسەر لێوەكانی هەڵنیشتووە لەوەو بەر ئەم بزەیەی لەو روخسارە غەمگینەدا نەئەدی .

ناوی خوای لێ بێنە و جێ پێ‌ی ئازیزەكەت هەڵگرە .

سێوە هەر لە بیر كردنەوەدا بوو ، ورتەی نەئەكرد لەوە ئەچوو ، بیر لە شتێكی شیرین بكاتەوە .

هیچ شەرمی ناوێ ، بەڵكو ئەم عەشقە مل ملانێ‌ی ئەوێ ، مادەم هێشتا گیرۆدەی ئەم پەتایەی ، هەوڵ بدە كەهە توانەكەی بدۆزیتەوە ، بەقسەم بكە هەوڵ بدە ، ئەگەیتە ، ئەوەی ئەتەوێ . بزەیەكی پان دەم و چاوی رۆشنتر كردەوە ، هەردووچاوی بە تەواوەتی كرایەوە ، بەدەم قریوەیەكەوە ، پەلاماری ئاوێنەكەی دا ، تۆپەڵە ماچێكی كردو وتی

دڵنیا بە ، هاوڕێ‌ی دڵسۆزم ، بەقسەت ئەكەم ، سووپاس ئازیز پێم ووتی سووپاسی ناوێ

د. هیوا ٢٠٠٠/١٠/٢٣

# ژووان

شەوێکی نووتەك بوو ، کزەیەکی سارد ئەهات ، شەپۆلی هێمنی هەموو کوچەیەکی ئەو جیهانەی گرتبوو . مرۆڤ لەو بێدەنگی و هێمنی‌یە ئەسڵەمییەوە .

وەك یەکێك بە ژێر کۆڵێکی قورسەوە بێ هەستی بە نقە نقێ کرد زۆری نەبرد نقەنقەکەی بەئاشکرا تر هاتە گوێ

پلی٠٠٠٠٠ ش٠٠٠٠٠٠ ا٠٠٠٠٠٠ ەوە.

حەپەسا بەلاّم دڵنیا بوو دەنگەکە لە دەرەوەی خودی خۆیەتی و گوێی نازرنگێتەوە ، ڕاپەڕی و قنج دانیشت ، لە تاریکی یەکەدا ، لە دەوروبەری خۆی وورد بووەوە ،ئەوەندەی چاوی بڕی کرد هیچی نەدی .

سەرت پڕ لەچی کردووە ، واقورس بووە ؟، ڕۆژانە هەستم ئەکرد قورس و قورس تر ئەبێ ، بەلاّم چیتر بەرگەی سەنگی سەرت ناگرم ٠٠٠ جا یا سەرت ئیتر مەخە سەرم یان کەمێ سەرت پووچ کەرەوە .

بەحەپەساوی بەپشتێکەدا ئەبڵەق بوو لە بەر چاوی‌دا دەم و چاوێکی مرۆیی لە پشتی‌یەکە ڕووابوو ، پتر حەپەسا بەدەنگێکی لەرزۆکەوە ووتی :

سەرم وەك سەری ئەو خەڵکە پڕ لەحەزو هیوایە ، حەزی خەوتوو ، حەزی خەوالّوو ، حەزی مردوو ، حەزی لە بار براو ، حەزی کوژراو .

باشە ، باشە وەك سەرت قورس کردووە ، ڕەزات قورس مەکەو لە کورتی بیبڕەوە .

تۆش ! پشتی یەکەی هاوەڵی چەند ساڵە ، هاوەڵی بەهارو هاوین و پاییز وزستانم ، لێم بێزاری .

تەح ، کەزۆرت پێ‌یە ، باوەڕ ناکەم ئەم حەزو هیوایانە ی لە مێژە لە سەرتدان سەریان قورس کردبی چونکە تازەکی واقورس بووە .

ئەی وا ئەزانی چیم تیا هەڵ گرتووە ، جگە هۆش و خەم چیتری تیا نی‌یە .

وابڵێ ، بەلاّم خەمی چی ،هۆشی چی ؟ .

ئای نەفام خەمی چی کەس هەیە بێ‌خەم کەس هەیە بێ هۆش ، ئەوەشی هۆشی هەبوو خەمی زۆرە ؟

هەموو کەس خەمی هەر هەیە ، ژیان کوا بێ خەم بەردەوام بووە ، بلاّم خەمی چی‌یە واسەری قورس کردووی؟.

خەمەکانی من وەك خدری زیندەن ، هەردەم سەوزن ، هەردەم زیندوون .

خەمەکانم زۆر خۆش ئەوێ ، بۆیە لەسەرما هەڵم گرتوون ، گەر ئەم خەمانە نەبووایە زۆر هەستم بە بێ کەسی ئەکردوو ، ژیانم بەناو ڕووداوە بێ دادی‌یەکان دا بەردەوام نەئەبوو . لای من کەی ژیان کۆتایی هات ، کەی حەزو ئاواتەکانمان هەڵوەرین خەمەکان کاڵ ئەبنەوە . بەیانیان پێش باوێشك و خۆکێشانەوە ، ڕۆژ باش لە خەمەکانم ئەکەم ( ئازیزەکانم ڕۆژتان باش ، وا جارێکی تر خۆر هەڵ هات و کەستان لەخەم نەڕەخسان ) . فراڤین لەگەڵ خەمدا ئەکەم کە ئەچمە سەر کار دێنە تەنیشتم و بۆ ساتێکیش جێم ناهێڵن ، کە ئەگەینە  شوێنی کارەکەم لە گەڵم دائەبەزن و بەسرکی هەریەکەو بەلایەکدا ئەڕوا ، ئەچمە هەر شوێنێ یەکێکیان ئەبینم ، واتە کارەکەشم ئاڵودەی خەمەکانم ئەبن . بەکورتی هەموو ساتێ هاوەڵمن و تاشەو دادێ ، کاتی خەوتن  دێن و دەست لە ئەستۆم ئەئاڵێنن و بەلای لایە ئەمکەنە خەو ، لە خەونیشدا لە کۆڵم نابنەوە ، بەزۆر جۆر خۆیان ئەگۆڕن . بۆ سبەی کە بێدار بوینەوە پێش باوێشك و خۆ کێشانەوە بەیانی باشیان لێ ئەکەم .

باشە تۆ ناترسی ، سەرت جێی ئەم هەمووەی تیا نەبێتەوەو کەللە سەرت بتەقێ .

نا ، ناترسم کەللە سەرم یەکجار  ڕەقە ، مێشکیش هێندە چاڵ و چێوو کەندو لەندی تیایە ، دەئەوەندەی تری تێبئاخنی ، هەر پێشییەوە دیار نی یە .

کەواتە من و تۆ ناگەینە ئەنجام .

بە تەوسێکەوە پاش ئیستێك ووتی :

ئەنجام ، کام ئەنجام ، کوا ئەنجام  هەموو شتێ لە بازنەیەك دا ئەخولێتەوە ، سەرەتاو کۆتایی یەکان یا هەر هەمان خاڵن ، یان زۆر لە یەکەوە نزیکن .تەنانەت شتە دژەکان لە هەمان بازنەدان ، یەکێکیان سەرەتاو ئەوی تریان کۆتایی‌یە ، گەر بواری خولانەوەیان هەبێ لە هەر کامیانەوە دەستت پێ کرد ئەگەیتە ئەوی تر یان شوێنی خۆت ، بۆنموونە رق و خۆشەویستی لە هەمان بازنەدا زۆر جار رق کەزۆر لە گەڵیا ئەڕۆی ئەبێتە خۆشەویستی و بە پێچەوانەشەوە ئەشێ خۆشەویستی ببێ بە رق ٠٠٠٠ چونکە هەر یەکەیان نیوەی هەمان بازنەن گەر بوار هەبێت کە یەکێکیان خولایەوە بەناچاری ئەچێتە سەر نیوە بازنەکەی بەرامبەری .

تێناگەم مەبەستت روونتر بکەرەوە .

مەبەستم ئاشکرایە بەلاّم بێ دەماخێکی وەك تۆ کە لۆکەو خام دروست کراوی لەم شتانە چۆن تێئەگەی ؟ .

بۆچی لۆکەت پێ کەمە ، خامت پێ کەمە ، سوودەکانی لۆکە لە ژیانی ئێوەی مرۆڤ دا ئاشکراو گرنگە لە ناخ و ویژدان و ئەدەبەکەتاندا رەگی دا کوتیوە ، هەر شتێ سپی و بێگەرد بێ هەر شتێ نەرم و نیان بێ بە لۆکەی ئەچوێنن . هەزاران رستەو بڕگەو قسەی نەستەقتان ٠٠٠٠٠٠ ئەم جارە تۆ بیبڕەرەوە .

بڕیمەوە ، بابێینەوە سەر هۆی قورس بوونی سەرت ، ڕۆژ بەڕۆژ هەستم ئەکرد سەرت قورس ئەبێ بە لاّم ئەم شەو هێجگار قورسە ، نازانی بۆ ؟ .

چۆن نازانم ، کەس نەزانێ خۆم ئەزانم ، ئەم شەو خەمێکی نوێ لە ناخم دا سەری هەڵدا .

ئەم مەلۆتکەیەیان چی یە ؟ .

نا مەلۆتکە نەبوو زمان زان بوو پێ‌ی گرتبوو ، بەڵێ بۆم دەر کەوت ڕاستی‌یەکانی ژیانمان ئەندێشەن و بێ ئەندێشە ژیان بەردەوام نابێ .

پشتی‌یەکە بە تەوسەوە کەوتە پێکەنین ، کەمێ خۆی ڕاست کردەوە :

چۆن ئەبێ ڕاستی یەکان ئەندێشەبن ؟ .

مافی خۆتە کەللە پووت ، پێبکەنە مرۆڤ بەدوای ئەندێشەکانی دا وێڵە ، کەوەك تەم ئەڕەوێنەوە ، سەری داوەکانی لێ وون ئەبێ و خەم و پەستی دای ئەگرێ ، هەموو چێژێکی خۆشی ژیانمان لا نامێنێ و ئاسوودەیی مان ئەشڵەقێ و وەك گەردێکی بەردەم زریانمان لێ دێ .

ئەتوانی بە نموونە بۆم روونتر کەیتەوە ؟.

بۆ نموونە خۆشەویستی ، وا باس کراوە کاریگەری دولبەر ، دڵدارەکە لانەوازو پەرتەواز ئەکاو ئەیکات بە دەروێش و دێوانە ، بەلاّم ڕاستی ئەم کاریگەری وگۆڕانانە دڵدارەکە خۆیەتی ، توانای خۆشەویستی دڵدارەکە خۆیەتی . واتە سەرشێتی فەرهاد بوو هێندە شیرینی خۆش ویست کە ببنە ئەفسانە نەك شیرینی شیرین . مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەندێشەی فەرهاد بوو لە دەوری شیرینی دولبەری ئالاّ بوو نەك هێزێکی نادیار لە شیرین دا بووبێ ، کەواتە شیرینی ناو ئەفسانەکە شیرینە ئەندێشەیی‌یەکەی فەرهادە نەك ئەو کچەی ناوی شیرینە .

چۆن ؟

هەڵەی خۆمە ، ناچم لە سەر پشتی‌یەکی تر سەر خەو ێ بشکێنم و خۆم بە تۆوە خەریك کردووە .

زیز مەبە تێمگەیەنە .

کلاَفەی بیرت ئالۆزکانم ، باسی چیمان ئەکرد ، ها باسی فەرهاد بوو ، لە مەبەستم گەیشتی ؟ ، من ئەڵێم خۆشەویستی و رق و هەموو هەست و نەستەکانی تر ، وەك تارایەکی ئامادەکراو وان و لە ناخماندا ئەژین ، بە سەر هەر کەسێکی دا بدەین ، زۆر ئەشێ پڕ بەپڕی بێ .

پشتی‌یەکە باوێشکێکی درێژی داو بە دەنگێکی خەواڵووەوە پرسی :

ئەرێ وەك من ماندوو نەبووی ، ئەمەوێ تارای ئەندێشەی خەو بدەم بە خۆما ؟

چی‌یە ئاشت بوویتەوە ، سەرخەمە سەرت ؟ .

تاقی بکەرەوە .

هاچۆنە ؟ .

باشە ، هێجاگار قورس نی‌یە ، بەرگەی ئەگرم ، بەلاّم چۆن وا سەرت سووك بوو .

ئەمە خەمە پیرۆزەکەیە ، یەکێك نەبێت بتوانی باسی خەمەکانی خۆتی بۆ بکەی ، پشتی ی هاوڕێم تۆ بووی بە مایەنەکەی چیکۆف و بۆم ڕەخسا خەماویت کەم و کەمێ سەری خۆم سووك بکەم .

هێمنی دیسان هێرشی هێنایەوە ، کەگوێ ی لەپرخەی پشتی‌یەکە بوو ، خۆی مت کرد ، دڵی نەهات ئەو خەوە ئاسوودەیەی هاوڕێکەی بزڕێنێ .

۲۰۰۰/۹/۳۰

# که دڵ ئەبێتە فرمێسکی شادی

ئێوارەیەکی ناوەندی بەهاربوو ، ئاسمان سامالْ و شین و فراوان بوو . تاقە پەڵە هەورێکیشت بۆ نە ئەدۆزرایەوە . جریوەی پاساری و ئاوازی شنە با و ورشەی گەلاَی درەختەکان خۆشترین ئاوازی ئۆرکێسترای سروشتیان پێك هێنابوو ، ئەزمەڕ سەوزو شین، گۆیژە شین و وەنەوشەیی ، پیرەمەگرون وەنەوشەیی و بڵند و سەرکەش بوو ، سەری لە نیوەی ئاسمان دا بوو . ئاسمان سامالْ و شین و فراوان ، لە دەریایەکی شین و فراوان و بیّ جوڵە ئەچوو ، بەلاَم دەریا هەردەم بە شەپۆلەو ڕازەکانی لە کەف و کولْ دان. لە کاتی هێمنیش دا سەر ڕووەکەی گۆپکەی شەپۆلی بچوك بچوك دەرئەکات .ئێوارەیەکی سەردەریای هاتەوە یاد لەبەلەمەکەدا سەرنجی زەردە پەڕیان ئەدا ،خۆرەکە ستونێکی ئاگرینی خوارو خێچی لە سەرڕووی ئاوی شەپۆلاوی دەریا شینەکە دروست کردبوو . کەفی کەنارو قەراغ بەلەمەکانی نارنجی کردبوو . چاوی بڕی یە چاوەکانی ، دەریای شین و فراوانی لە بیرنەماو کەوتە مەلەی ناو دەریای هەنگوینی چاوەکانی.

﴿سەیرکە ، زەردەپەڕی سەر دەریا چەند جوانە ؟! ﴾

ئەیویست بڵیّ ، بەلاَم لە بەردەستە خوشکەکانی لە دڵی خۆی دا ووتی :

﴿بەڵیّ جوانە ، ئێجگار جوانە . بەلاَم ناکات بە بریسکانەوەی دەریای هەنگوینی چاوەکانت ﴾

بە گویّی دا چرپاند"

﴿چاوەکانت دوو دەریای بیّ بنن !﴾

بە خەندەیەکی منالاَنەو نازەوە ووتی :

﴿وانەڵیّی؟!﴾

﴿هیچ شتیّ نی‌یە ، هێندەی چاو لە دەریا بچیّ ، چاو هەندیّ جار وەك دەریا هێمنەو هەندیّ جار بەشەپۆل و هەژاوە ﴾ .

وای ئەزانی خەون ئەبینیّ ، ئەی یەکیّ لە خەونە سەوزەکانی ئەوە نەبوو ، لە گەڵی دا دابنیشیّ و لە نزیکەوە لە تابلۆی ڕووبەژن و بالاَی ورد بێتەوە ،
ئەو تابلۆیە پەلکە زێڕینەی پاش بارانی بەهاری ئەخستە بیرەوە. حەزی ئەکرد سوڕی چەرخی گەردوون لەو ساتەدا لەگەڕ بوەستیّ٠٠٠٠

﴿شەوی بەهاری لادیّ٠٠٠٠ ﴾.

﴿زۆر خۆشە ، ئەستێرە ئەجریوێنن، بەدەم لایلایەی شنەباوە ، خەو ئەتباتەوە، ئەکەویتە ئەستێرە ژماردن﴾.

﴿بەدوای ئەستێرەکەت دا گەڕاوی؟﴾.

﴿زۆر بەدوایا گەڕام ، کام ئەستێرەی گەش بووایە ، ئەم ووت ئەمەیە ، پاشان لە زەوی دۆزیمەوە﴾.

نەرمە بایەك ورشەو خشەی خستبووە گەلاَی درەختە حوچەکانەوە، چەند پاساری‌یەك ئەیان جریواند . خۆری دەم نیشتن کورەی رۆژئاوای سوور کردبوو . مالْئاوایی لە زەوی ئەکرد تا دیتنەوەی کازیوەیەکی ترز

﴿ مالْئاوایی ، دڵم ئەگوشیّ ﴾

﴿بیّ مالْئاوایی ، بڕۆیین ؟﴾ .

خۆرنیشت ، وردە وردە تاریکی وەکو پەچەیەکی مەزن ، هەموو کوچەو سیلەیەکی داپۆشی ، ئەزمەڕ و گۆیژە و پیرەمەگرون بە بڵندی و سەرکەشی لە تاریکی‌یەکەدا دیار نەمان ، بەلاَم هەرکە ئەستێرەکان کەوتنە جریوە ، گەش بونەوە ، پیرەمەگرون ، دەرکەوتەوە ، چەند ئەستێرەیەك بە ڕاسەری یەوە بوون ، ئەویش شەونخونی بەدیار شارەکەوە ئەکێشا . کە لەسەربان لە سەر پشت پالْ کەوت، چاوی بڕی یە ئاسمان ، کەوتە ئەستێرە ژماردن ، باسی بەهارو دەریا و ئازیزی بۆ ئەکردن ، بەلاَم لە جیاتی ئەوەی ئەستێرەکان بکاتە خەو ، خەوی لیّ کەوت .

سلێمانی ١٩٨٣/٦/٢

# کاتێ ژووان ئەکرێ بە دیاری٠٠٠ ؟

هێدی هێدی بە تەنیا ، تولە ڕێکەی گرتبووە بەر ، کەنمەی بارانەکە ئەی دا لە ڕووی ، تەزوویەکی بە لەشی دا ئەهێنا و پێڵوەکانی پێ لێك ئەنا ، هێمنی و شادی دەم و چاویان لیپ کردبوو :

﴿نازانم بۆ هێندە دڵم بە باران ئەکرێتەوە؟ ﴾.

بە چمکی پریاسکە پێچراوەکەی بن هەنگڵی دەم وچاوی سڕی وسەرێکی بڵند کردەوە و لە بەرزی ڕوانی.

﴿باران ویادگارەکانم ئاڵودەی یەکن ، ڕۆژێکی باران بوو لاوەم ناسی ، ئای لاوە گیان وا نەمردم بە دیدارت شاد ئەبمەوە ﴾ .

هەناسەیەکی وەك هەنسکی پاش گریانی هەڵکێشا، بارانەکە نەرمە ئاوڕشێنێکی زەوی یەکەی کردبوو ، دڵۆپی بارانەکە خۆیان ئەماڵی بە زەوی یەکەدا و کەمێ تۆزیان هەڵئەستاندو لە ئامێزی والاّی خاکەکەدا ژێر ئەبوونەوە.

﴿لە ڕۆژێکی باران دا بوو ، لەلانەیان تەراندی﴾

کرژی یەك دەم و چاوی داگرت ، چرچێ کەوتە نێوان برۆکانی یەوە . دامێنی کراسە شۆڕەکەی هەڵکرد، بە پارێزەوە پێ‌ی بە سەر جۆگەلەکەدا هەڵ ئەهێنا.

کانکێشکەرەی دیمەنی —دارەگەورە  سەرنجی ڕاکێشا.

نیگایەکی بە چەندان داوی نەبینراوەوە بەو گوزەرەوە بەسترابوون. چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای —دارە گەورە  لاوێکی جل و بەرگ خاکی لە پاڵدارەکەوە ئاشکرا بوو ، بەپیری یەوە هات، بێ ورتە دەستیان خستە ناو دەستی یەك. چاوەبەڵەکەکانی بڕی یە چاوە ڕەشەکانی — لاوە  ، پاڵی دا بە

دارەکەوە ، دایە پڕمەی گریانێکی بە کوڵ ، لاوە شانی گرت و بە خۆیەوە نوساند“

﴿ سێوەگیان﴾.

بەهەنسکی گریانوە ، بەدەنگێکی بەسۆزەوە وەڵامی دایەوە ،

﴿ پەڕەی دڵەکەم لاوە﴾.

شانۆکە تاریك و دیمەنەکان تەماوی بوون ، گەردەلول بە گڤەگڤ مێردەزمەکانی گەیاندە جێ، دێوەزمەکان پیادە بوون و بەو دەورو بەرەدا بلاّوبونەوە ، خۆیان مەلاّس دا ، کەڵبەیان بۆ دیمەنەکە تیژ ئەکردەوە .

شانۆکە بووە ڕاوگەی کەوان ، مۆتەکە زەردەوالاّوی یەکە بە پارێزەوە لە دارەگەورە نزیك بووەوە ، چند مێردەزمەی دواکەوتن،چڕنوکیان لێ ڕووت کرد هەور گرماندی

﴿کەوی یاخی دەستەمۆبە،نەبی، هەورە بروسکەت ئەکەینە دیاری﴾.

هوشیار بووەوە ، هەر چەند ئەیزانی کارلەکار ترازاوە ، کەڵبە مێردەزمان چپەرە لەگشت لاوە . بەلاّم وەك ئاسکی سڵ کەر ، دەستی دایە باڵی ﴿سێوە﴾ پشت لە ئاوایی و ڕوو لە هەردەو چۆڵ دایان لە شەقەی باڵ . دێوەزمەی زەردەواڵە بەشان توڕە بوو ، خۆی نەخواردەوە ، جامی قینی ڕژان بە سەریان دا ، هەور گرماندی“

-﴿نەیەڵن بێ دیاری قوتاربن ، بروسکەیان بکەنە دیاری ﴾.

شریخەی هەورە بروسکە ، چزەی لەگیانیان هەڵساند. گەرمی یەکەی لاشەی ساردکردنەوە ، نمە بارانەکە ڕەنگی جێ بروسکەکەی ئەشتەوە ، خوناوەکەی تینوێتی خاکەکەی کزر ئەکردەوە ، ئەو گریانە سەبوری ئەدا بە دڵی توێ توێ‌ی —دارەگەورە- لەو ساتەوە دەنگی خرمەی باران ئەو سەر گروشتەیە ئەگێڕێتەوە ، بەلاّم تەنیا کەویاران گوێ ی شانازی بۆ شل ئەکەن.

نەینەوا  ١٢/١/١٩٨٠

# فرمێسکی ڕازی دەریا ٠٠٠٠

دەریا کە، وەکو ساوا لە کەروێشکە خەودا بوو . سەر ڕووی ئاوە شینە کەی تارایەکی ئاوریشمینی شینی کاڵی ئەنواند، لە کەنارەوە هێدی هێدی ئەلەنجاو شەپۆلی ئەدا بەڕووی کەنارەکان داو بە چەڤەنگی یەوە بە سەریەك دا ئەشکانەوە . خۆر بالآیەك لە سەر ئاسۆی ڕۆژئاواوە بەرز بوو ، ئاوریشمە شینەکەی ئەدرەوشانەوە .

لێرەو لەوێ چەند پاپۆڕێك جوان و ڕازاوە ڕەگیان لە ئاوەکەدا داکوتابوو. بەلآم بێ جوڵەو ژیان لە کێلی گۆڕی بلّند بلّند ئەچوون. چەند بەلەمێك وەك چەند بنتە تۆزێکی ناو دەفرێك مەرەکەبی ئاسمانی لە جوڵەدا بوون ٠٠٠٠ بەو بچوکی و نزمی یەش پڕ لە ژیان و چلاکی بوون ، هەندێکیان لە سەرخۆ ئاوەکەیان ئەشێلا ، ئەوانی تر بە گۆڕسکی دەریاکەیان ئەکێلآ ٠٠٠٠ و کەفێکی ئاڵتونی یان لە قەراغ بەلە مەکان دا دروست ئەکرد . دەستیان خستبووە ناو ئاوەکەوە ، کەف بگرن. کەفەکە تا ماوەیەکی کەم لە سەر لەپی دەست و پەنجەیان ئەمایەوە وەکو دلۆپە ڕۆن ئەبریسکانەوە ، وردە وردە ئەتوانەوەو بە قامکەکانیان دا ئەچۆڕایەوە ناو دەریاکە . نەرمە بایەك تێکەڵ بە زەردەخەنەکەیان ئەبوو ، تابلۆیەکی بەهاری ئەنواند.

﴿ئەو دلۆپانەی بەر تیشکی چاوت ئەکەون ، لەگەڵ هەموو باران بارینێك دا ، باسی تۆم بۆ ئەگێڕنەوە ﴾.

﴿فرمێسکی دەریا ، شادی هێنە﴾.

﴿هەواڵی تۆ شادی هێنە﴾.

بزەیەکی گەش دەم و چاوە سپی یەکەی ڕۆشن کردەوە٠٠٠٠٠ بەفری مانگەشەوی کوێستانی بیر مرۆڤ ئەخستەوە. بەلەمەکە چەند کەوانەیەکی فراوانی لەئاوەکەدا کێشا ، لە پنتێکی کەنارەکەدا لە شوێن قەیاغەکەدا هێمن بۆوە، گڤەو ڤڕەی ماتۆڕەکە نەما.

شەپۆلی وردی کەنارەکە ، بەلەمەکەیان وەکو بێشکەی ساوا ڕائەژەنا.گوڵئەندام پێش کەوت دەستی بە کۆڵەکەکانەوە ئەگرت تا خۆی لە ڕاژەنینەکە بپارێزێ . هەنگاوی نایە سەر پێشکۆی بەلەمەکە ، شەپۆلەکان بەلەمەکەیان ئەلەراندەوە، خریك بوو لەترێك بدات ، دەستێ لەکەنارەکەوە درێژ بوو،

﴿دەستت بێنە ، بانەکەوی﴾.

دەستێکی زبرو چڵکن و نینۆك درێژ ، دەستی ناسك و نەرم و سپی و قامکە شوشەیی یەکانی گوڵئەندامی گرتە دەست.

لاوێك بوو ﴿٣٢﴾ ساڵ، دەم و چاو و لوتە قوتەکەی دێز ، سەرلووتی سورو هەتاو بردەڵە . چاوە ڕەشەکانی دوو ئەستێلکی پڕ لە خەم و ڕازوژوان بوون ، گەر چی برژانگەکانی بزرکاو و چڵك گرتوو بوو، پەرژینی دوچاوگی گەش و بریسکاوە بوون. بلاّ بەرزو لاواز ، قژە درێژو نەرمەکەی بژو بزرکاو بوو. ڕیش هاتوو، سمێڵ و ڕیش و لاجانگی تێکەڵ بوو بوون. جل و بەرگی ڕیشاڵ ڕیشاڵ و لە چڵکا بۆر بوو. پێستە هەتاو بردەڵەکەی لە قەڵبەی جلەکانی یەوە سرە تاتکێ یان ئەکرد.

بەدەنگی نەرمی قوڕگێکی گریاوەوە ووتی:

﴿ هەزاران دڵی بیابان ، بەهیوای بارانێکە﴾.

بەدوو چاوی پڕ لە فرمێسکی قەتیسەوە چاوی تێ بڕین:

﴿بەهارو دەریاو ڕازی مرۆڤ ئالودەن﴾.

ئەم بە دڵێکی گوشراو و دەستێکی لەرزۆکەوە، دەستی درێژ کرد بۆ تەوقەکردن

﴿چۆنی کاکە؟!﴾

﴿وەك ئەمبینن، ئالودەی چڵك و یادگاری پڕسوێ و جەنجاڵی ئەمبەندەرەم﴾.

﴿ خوابکا باش بی﴾.

دەربڕینی دەم و چاوی گۆڕا ، چاوەکانی گەشانەوە ، بزەیەکی هەڵبزرکاو کەوتە سەر لێوی کە نیوەی بە سمێڵی داپۆشرابوو:-

-﴿هەر ئەگەڕێتەوە ، هە ئەوەندە ئەبینی ، ئێوارەیەك وەك بوکی دەریا، لەناخی دەریاکەو، بەدەم لەنجەی شەپۆلەکانی یەوە ،گەڕایەوە، سەری هەڵدا منیش دەستی بۆ درێژ ئەکەم و٠٠٠ ﴾.

دایە قاقای پێکەنین ، لەپڕ گۆڕی بە پڕمەی گریانێکی بە کوڵ:

-﴿با بەجیێ بهێڵین، تازیاتر نەهەژاوە﴾.

-﴿ماڵئاوا﴾.

لەسەرخۆ بەجیێیان هێشت، بەلآم هەر ئاوڕیان لێ ئەدایەوە . تاڵە و گریەی لەو دوورەشەوە ئەبیسترا. زۆری نەبرد بێ دەنگ بوو ، دیار بوو بەلەمێکی تر گەیشتە کەنار ، خۆی بەسەر پێشکۆکەی دا چەماندەوە ، دەستی ڕاگرت بۆ پەڕینەوەی کیژێکی تر.

-﴿لەوە ئەچێ خەوێکی قوڵ تێکی دابێ !﴾.

-﴿ئەمەش یەکێکە لەو ڕازانەی دەریا ، کەتۆ هەمیشە باسی ئەکەی﴾.

چاوی بڕییە دەریای هەنگوینی پڕلەڕازی چاوەکانی ،بزەیەکیان گۆڕییەوە:-

-﴿پاش دووساڵ، ئازاری دووری و چاوەڕوانی تاڵی خۆشەویستی یەکی قوڵ٠٠٠﴾.

-﴿بەهەزار ساڵچووە﴾.

تێنواڕینێکی لە یەککگەیشتن لەیەك ڕوانین.

-﴿لەسەرەتای هاوسەرییانەوەهاتن بۆ ئەم شارە، پاش چەند ڕۆژێکی پڕلەتاسە کوشتن، ئێوارەیەکیان، کەدەریا هەژابوو،شەپۆلەکانی وەکو خەنجەر لەکێلانی قولاّیییەوە دەرئەهێناو ئەیماڵی بەقەراغی پاپۆڕو کەنارو بەلەمەکان دا٠٠٠ دەریای هەژاو ئافرەتێکی سەرەڕۆیە . دولبەرەکەی پیێلەوەدائەگرێ کەبچنە ناو دەریاوە ، ئەچن، شەپۆلەکان بەلەمەکەیان ئەکاتە لانکی منالێکی گرینۆك. گەردەلوول و شەپۆل و هەڵبەزو دابەز ناچاریان ئەکاتبگەڕێنەوە کەنار﴾.

گەیشتنە لای قەرەباڵغی لای ماشینەکان، سەرکەوتن

-﴿ئێ دوایی؟!﴾

-﴿لەکاتی سەرکەوتن و پەڕینەوەدا ، دولبەر لەترێك ئەداو ئەخزێ و ئەخلیسکێتە ناو ئاوەکەوە ، شەپۆلە هەژاوەکان هەڵی ئەگرن ودووری ئەخەنەوە —﴿مەلە نازانێ ، مەلەنازانم﴾ خۆی هەڵ ئەداتە ئاوەکەوە،شەپۆلەکان ئەمیش هەڵ ئەگرن، وەك دوو چۆلەکەی بریندار ئەکەونە لنگە فرتێ و باڵە فرتێ ، تا خەڵکەکە فریایان ئەکەون﴾.

ماشینەکە وەستا ، یەك یەك دابەزین ، یە یەك ودوو دوو بلاّوەیان لیێکرد

-﴿تا خەڵکەکە فریایان ئەکەون ، شەپۆلێ دولبەر ئەکا بەقوتاو ئیتر کەس نایبینێتەوە، کابرا نزیکتر ئەبێ ، فریای ئەکەون ونایەڵن بمرێ و ئەژی﴾.

چرچییەك کەوتە نێوان برۆکانییەوە ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵ کێشا:

-﴿ژیا ، بۆ چەرمەسەریو ژان وسوگواریئەم ژیانەی﴾.

-﴿لەو کاتەوە ، ساڵێ زیاترە لێرە ماوەتەوە، بەڕۆژ ئەم کوچە و کوچە ئەکا ، ئێوارە هات ئەو شوێنەی کەنار ئەگرێ ، بەئومێدی گەڕانەوەی﴾.

-﴿دڵی بیابانی بەتەمای بارانێکە﴾

# پەنگوینیش باڵ ئەگرێ

خۆری دەم زەردە پەڕ، کورەی خۆرنشینی سووورکردبووەوە، شنەبایەك تێکەڵ بەخشەو خرتە و ورشەی گەڵاێ دارە حوچەکان و جریوەی پاساری‌یەکان بووبوو ، ئاوازێکی خەمباری پێك هێنابوو ئاوازی ماڵئاوایی و لێك دابڕان بوو۰۰۰۰

سلێمانی ١٩٨٣/٦/٤

زۆر نەبوو گوندی قەدپاڵەکە لەکەروێشکە خەو بێدار بووبۆوە.

خانووە گڵێنە نزمەکان سێبەرێکی کورت و دارتووە بەرزو شۆڕەبی گوێ ئاوەکە سێبەرێکی درێژیان بەرەو خۆرنشین دروست کردبوو . قیڕەی بۆق و ورشەی گەڵاو شنەی نەرمە باو خوڕەی ئاوی ناو بەردەلانەکان و گەرمی گفت و گۆیان ئاوازێکی دڵڕفێنی شادی هێنی پێك هێنابوو ، تابلۆی سەوزەبارو ژوانگەی ڕازاندبوونەوە:

﴿نیازت ڕۆیشتنە، گریانم دێ﴾

کوڵمەکانی وەك خۆری هەیڤی جۆدرەو ئەدرەوشانەوە، فرمێسکێکی ڕون وقەتیس گۆشەی چاوی گرتبوو ، بەدەم ئاخاوتنەوە لێوی ئەلەرزی.

﴿دڵم ناهێنێ، زۆرم پێ ناچێ ، لەزەردەپەڕدا ئەگەمەوەجێ﴾.

خۆربالایەك لەسەرکەلەوە بەرزبوو ، ئاونگی سەر شلکەگیای ناومەزراو سەرگەلاێ داربەڕوو هەنارو قۆخ و هەڵوژەو هەنجیرو دارەبەن وکەپری مێوەکان ئەدرەوشایەوە. مەزراکە لەکالایەکی سەوزی مەزن ئەچوو کەبەپولەکەو مرواری ڕازابێتەوە.

تالەپێچەکەدا وون بوو ، سەوزە — بەفەقیانەی کراسە سەوزەکەی‌ماڵئاوایی لێ‌کرد.

ئەمیش هەر ئاوڕی لە جێ ژوان ئەدایەوە . صێی لەدووی نەئەهات، قسەکانی سەوزەی لە گوێدا ئەزرنگایەوە﴿نیازت ڕۆیشتنە، گریانم دێ۰۰۰﴾

بزەیەك کەوتە سەر لێوی ، دەم و چاوە درێژکۆلەکەی ڕۆشن کردەوە﴿کەگەڕامەوە شادی ئەخەمە دڵی سەوزە، زەماوەندوهەرا ئەکەوێتە گوندەوە۰۰۰۰۰﴾.

بەپەلە هەنگاوی بەسەر ڕێگە بەردەبازەکەدا ئەناو جارجارە ئیستێکی بۆ ئەکرد ئاوڕی ئەدایەوە لە پاڵ توترکێك دا ئەوەستاو چنگی پڕتوترك ئەکردو یەك یەك ودوو دوو ئەیخستە دەمی‌یەوە﴿هەرچەندە شیرینی ، ناگەی بەشیرینی سەوزە﴾.

سەوزە هەموو بوونی داگرتبوو، خۆشەویستی ئەووزێدەکەی بەناخی‌دا ڕۆچووبوو،لە هەموو شانەیەکی لەشی‌دا ڕەگی داکوتابوو . ئەودڵەی بتوانێ بەڕاستی و دروستی مرۆڤێکی خۆش بوێ ، ئەو خاك و ئاوو هەوایەشی خۆش ئەوێ کە شێوەی لە ئازیزی چواندووەو تێیداگۆش بووە

بەم ڕەوت و بیرکردنەوانەوە خۆی کرد بەشاردا ، زۆرگیر نەبوو ، پاش نیوەڕۆیەکی زوو بەپریاسکەیەکەوە بەرەو دێ‌کەیان بووەوە. دەم و چاوی شادی و خۆشی ئەپەخشان . دەروونی لیپ بوو بەپەرۆشی و گەرمی لاوی ، هەموو لەشی بوو بووە ، بیرکردنەوە ، بیرکردنەوەیەکی شیرین لەسەوزەو زێدەکەی.

ڕێگاکە چۆڵ بوو ، چۆلەکە بەکوژت تیا بەدی نەئەکرد ، ئارەق لەسەراپای لەشی ئەچۆڕایەوە۰۰۰۰ تائەهات هەنگاوەکانی پانتر ئەکرد ، گەرواش بڕوا ئێوارەیەکی درەنگ ئەگاتەوە جێ۰۰۰۰ جارجارە ئەوەستاو دەست و پێ و دەم و چاوی لەئاوی گوێ ڕێگاکەدا فێنك ئەکردەوە ۰۰۰۰۰ تائەهات پەلەترو بەپەرۆشتر ئەبوو . کەلەملەی دووەم چوو بەو دیودا خۆربالایەك لەسەر ئاسۆوە بڵند بوو . چەند پەڵەیەکی بۆرو ڕەش بەری ئاسمانیان گرتبوو . هەنگاوەکانی خێرا کرد ، سێ‌هەنگاوی ئەکرد بەیەکێ ، گەیشتە ملەی سێ‌هەم کەبەسەر گوندەکەی دا ئەڕوانی ، ئێوارەکە درەنگ بوو ، ئاگرەکان ئاشکراتر ئەبوون، لەبەر خۆیەوە ووتی:

﴿وادیارە دێکەمان ئەم ساڵ دوو جار نەورۆز ئەکاتەوە؟﴾.

هەنگاوەکانی خێراتر کرد ، کەوتەپەلە، گەرمی‌یەك دەم و چاوی داگرت. هەموو هێزی دایە چاو ولاقەکانی تا باشتر لە چاوگی ئاگرەکان بگاو زووتر بە گوندەکە بگات.

﴿تۆ بلێی ڕێگاکەم لێ هەڵە نەبوبێ ، کەی ڕێی لای ئێمە وا ڕووتەڵەیە. ئەگەر لێم نەگۆڕاوە، کوا دار هەنارو سێوو کەپری مێوو شۆڕەبی‌یەکان، کوا توترك و دەوەنەکان، ئەی کوا داربەڕووە ئازیزەکەی ڕازگری ژوانەکانمان﴾. داربەڕووەکە بووبووە کۆتەرەیەکی نیوە سوتاو، جۆگەئاوەکان لێڵ و شەوەکەی ئێجگار خامۆش بوو ، جارجارە قیڕەی بۆقێ ، قریشکەی باڵندەیەك گۆی هێمنی و خامۆشی‌یەکەی ئەشلەقاند.

وەکو لەبانێکی بەربدەنەوە حەپەسابوو ، نەیئەزانی چی بکات ؟. سەیری کوێ بکات ، بەکام لادا بڕوا، هاوارێکی لێ هەستا ، تەنیا دەنگ دانەوەی هاوارەکەی خۆی بیستەوە ، گشت لایەك خامۆش بوو ، ئەتووت خۆڵی مردووی کراوە بەسەردا . زۆری نەبرد خۆی لەناوکەلاوەکان دا بینی، خۆی‌دا بەسەرکەلاوەیەك دا ، دایە گرمەی پڕمەی گریانێکی بەکوڵ۰۰۰۰ زاخاوی خامۆشی و پەستی شەوەکەی ئەدایەوە ، ئەوکاتانەی هاتەوە یاد بەبینینی گولاڵە و خەرتەلەو چاوبازەڵەی درکاویش چاویان ئەبریسکانەوە. خۆشی‌یەکی منالانە ڕووی ڕۆشن ئەکردەوە . دڕکی گوڵ و چاوبازەڵە و تووترك کەندنیش جۆرە خۆشی‌یەکیان هەبوو . وەکو مەل سەوزایی و مەزرای بێ‌پایانیان ئەدابەپێوە. کام مێرگ دڵگیرو کام ژێر درەخت سێبەرتربووایە، کەمێ لێی ئەگیرسانەوە ، جار جارە نوچە خەوێکیان ئەداو پاش ئەوە وەك باڵیان لێ ڕوابێ بەلەش سوکی‌یەوە ئەکەوتنە چنینی گولاڵەو چنینەوەی پۆلکەو هێلکە شەیتانولکەو هەڵکەندنی قنگر و ڕاوەدونانی مارمێلکەی ووشت و وریاو باڵندەی چوست و چالاك و سەربەست پەپوولەیان ڕاو ئەناو دڵیان نەئەهات دەستی بۆ ببەن نەوەك ئەو تابلۆ نەخشینەی باڵی ڕەنگاو ڕەنگیان بشێوێنن . چۆن دڵیان بێ ئەو هەموو ڕازاوەیی و دەست نەخشینی‌یە بشێوێنن . ئەبێ ئەوە چ دڕندەیەك بێ بتوانێ بیان شێوێنێ و لە چاو وهەستی مرۆڤی یاساغ بکات . وا ئێستاش هاتۆتەوە سەر هەواری خاڵی و وێران . گوندەکەی کە بەیانی بزەی لەگەڵ خۆری بەیان دا ئەگۆڕی‌یەوە . بووە بە چەند تەپۆلکە خۆڵ و گڵ و خڕکە بەرد و گوێسوانەی داڕووخاو ۰۰۰ دایەوە پڕمەی گریان مستی ئەدا بەزەوی‌یەکەداو سەری ئەدا بەکەلاوەکەدا . ئاوری لەلای ژوورو دایەوە لە جیاتی مزگەوتەکە چەند پارچە دارو شسشێکی دی لەسەر زەوی‌یەکە بە نێو گڵ و خۆڵ و بەردەکات پەرش و بلاوبووبوونەوە . بەناوکەلاوەکان داگەڕا ، پەڵەیەکی گەورە خوێنی دی ، لێی نزیك بووەوە . مێشکێکی پژاو بوو لەگەڵ هەندێ قژە سەری ئافرەت و پەڕۆی سەوزدا بە دیوارە داڕووخاوەکەوە بووبوون بە چڵم . مێشکی‌لا پژاوی سەوزە بوو . ناسی‌یەوە ، کەوت بەسەر زەوی‌یەکەدا . چڕنوکی لە زەوی‌یەکە توند کرد . بەدەم قوڵپەی گریانێکی بەکوڵەوە کەوتە

زۆر ئەشیا ، ژیانمان جوان و ساکارو خۆش بووایە ﴾.

دەنگی ناڵەو گریانی لە شاخەکان دا ئەدرایەوە و ئەهاتەوە گوێی خۆی ، شەوەکە هێجگار خامۆش بوو ، شەوە خحامۆشەکانی منالی بیر کەوتەوە ، باپیرەی ئەیوت

-﴿ هەموو دارو بەردێکی ئەم گوند و گوزەرە ئەمان ناسن و ئەیان ناسین . کام بەردە هەڵ ئەدەیتەوە یادگاری ، نهێنی یەکی لە ژێردایە . ئەمە زەوی نی‌یە ئێسك و پروسکی باوك و باپیرانمانە . ئەمە بەرد نی‌یە ، کەللەی سەری نەژادمانە . ئەمە ئاو نی‌یە ئەسرینی ناکامی ئەوانە ﴾.

کەوتەوە لیستنەوەی زەوی‌یەکە ، سەری بڵند ئەکردەوە ، لەوپەڕوو خۆی ئەخستەوە ئامێزی والاێ خاکەکە . ئەیلیستەوەو ماچی ئەکرد : وەك سەوزەو خێزان و برادەرانی ماچ بکات . سەری بڵند ئەکردەوە ، چاوی بڕی‌یە کەلاوەکان ۰۰۰۰۰ توانای بیرکردنەوەی سست بووبوو . نەیئەتوانی بیر لە هیچ بکاتەوە . دڵو سەری وەکو دێ کە چۆڵ و وێران و خامۆش بوو . نەیئەتوانی چۆنی‌یەتی کارەساتەکە لێك بداتەوە . بەلاّم هەموو شتێ کۆتایی خۆی هەیە . کەشەو لە ئامێزی گرت ، بەدەم لاواندنەوەی شنەباوە ، توانای بیرکردنەوەی گەڕایەوە ، زانی کارلەکارترازاوە ، گریان و کروزانەوەی دادی نادات . کەوتە بیرکردنەوە لەژیانێکی نوێ .

جۆرەژیانێك پیَی ڕانەهاتبوو ، لەوەو بەر بەرگەی ئەوەشی نەئەگرت کەبیری لیَ بکاتەوە . لەسەر لاپاڵی کەلاوەیەك دانیشت ، بووە پارچەیەك لەشەوە خامۆشەکە ، هیَمن و بیَ ورتە بیری ئەکردەوە . درەختە ڕووتە-بڕاوەکان لەورشە کەوتبوون ، خوڕەی کارێزو جۆگەلەکان نەئەهات ، ئاوازی شنەبا تۆرابوو ، چاوی بڕی‌یە پێش خۆی وادیار بوو لەسەرکەلاوەکانەوە لەودیو لوتکەی شاخە شینەکەی ئەڕوانی . ئەو سەر گروشتەیەی هاتەوە یاد کەچۆن کوڕە بچکۆل بووە هەڵۆو دای لە شەقەی باڵ و زۆری نەبرد لەتۆڵەی کەوەکەی‌دا هەردوو چاوی مام ڕێوی هەڵ کۆڵی .

# دارتوەکە و ڕازەکانی

قامکە ئەستورە زبرو ڕەش هەڵگەڕاوەکانی لە پشتی سەری‌یەوە لەیەك ئالاٌندبوو ، لە پاڵ خاکەنازە قوڕاوی‌یەکەوە ، پاڵی دابوو بە دارتووەکەوە ، مەستی سێبەری چڕی درەختەکەبوو ، چاوی بڕیبووە کێڵگە سەوزە بەرینەکەی بەردەمی ، وەك لە شتێکی دیاری کراو بڕوانیَ ، چاوی لە دووری‌یەکە ئەبلەق کرد ، سەرێکی بلٌند کردەوەو لەبەرخۆیەوە ووتی

﴿ ماڵی باوکت ئاوابیَ دارتوو! تۆ نەبوویتایە ئێستا ئەو خۆرەتاوە ئەیسوتانین﴾.

کلاٌو ومشکی‌یە چلٌکنەکەی داگرت و پاش ئەوەی گرمۆڵەی کردن ، کردی‌یە سەرین و لیَی درێژ بوو ، لە نێوان گەلاٌو لق و پۆپەکانی دارەکەوە لە دووری‌یەکی بەرز ڕاما.

(( پێشەنگ یادت بەخێر ، چەند دلٌت بەو نەمامە خۆش بوو کە ئەمڕۆ بووە بەم دارتووە ، کاتیَ ویستمان لە ڕۆخاکە ئاوی بدەین ، وەکو پیاو هاتیتە پێشەوە بابە، شەرمە تا پێشەنگ توانای هەبیَ ، ئاوی ڕۆخانەی بکەینە سەر

ڕۆڵە ، مەبەستت چی‌یە؟

ئاوی لە کارێزەکەی بەر مالاٌنەوە بۆ ئەکێشم

چۆن پێت ئەکریَ ، من خۆم ئەناسم

بۆ پێکران پێم ئەکریَ ، گەرماندوش ئەبم ، ڕۆژیَ دیَ ، لە سێبەرەکەیدا ئەحەوێمەوە )).

کەوتە سەر تەنیشت ، تێنواڕینەکانی پتر قول بوونەوە نەختیَ خۆی گرمۆڵە کرد ،

(( وەکو ئێستا بیَ لەبەرچاومە ، پێشەنگ چووە سەر کارێزەکە وەکو ڕۆژان ئاو بکێشیَ، نەگەڕایەوە، هەرکەلەم دارتووە ئەڕوانم ، یادی ئەوم ئەژێتەوە، کیَ ئەلٌیَ خوێنی پێشەنگ ئالٌودەی ڕەگەکانی نەبووە ؟ لەوە ئەترسام ئەم نەمامەش ووشك بیَ ، بەلاٌم نا، ئەبوایە نەترسامایە ، نەمامیَ پێشەنگ ئاوی بۆ کێشابیَ و بە ئاوی ڕۆخانە ئاو نەدرابیَ چۆن خۆی ناگریَ و چۆن بنج ڕۆناچوێنیَ، گەر درەخت ناوی ئەبوو ، ئەم تووەم ناو ئەنا پێشەنگ)) .

کەوتە یاری کردن بە خۆڵەکە ، مشتێکی هەڵ گرت و باڵیَ دوور لە خۆیەوە ، گەردەکانی لە کەلەبەری نێوان پەنجەکانی‌یەوە تلۆر ئەبوونەوە گۆی چاوی بەرامبەر خۆڵە پەتانی‌یەکە گۆت بوو

(( هەرکە لەم سێبەرەدا دائەنیشم ، واهەست ئەکەم لەگەڵ ئەودا ، دانیشتووم ، هەست بەلێدانی دلٌی ئەکەم ، ئەلٌێن من زۆر هۆگری ئەم دارەم گەر واش بیَ لێم ناگیریَ ، ئالٌودەی یادەکانی ئەوە ، حەز ئەکەم زێتر ماندووبم تاکو پتر چێژ لەم سێبەرە فێنکە وەرگرم ))
.

تزوکەی چاوەکانی خێرا بوون ، کەوتەوە سەر گازەرای پشت ، لەگەڵ هەڵکێشانی هەناسە قولٌەکانی‌دا سنگی بلٌند ئەبۆوە.

(( گەر ﴿ ئامانج ﴾ ی برای نەبووایە ، سەبووریمان بەچی ئەهات، ئامانج هوشیاروچوست چالاکترە ، هێندە ئەچێتە دلٌەوە ، بەرجێگەی ﴿ پێشەنگ ﴾
یش کەوتووە)) .

تەپەی پیَی یەکیَ تا ئەهات نزیك تر ئەبۆوە ، بەئاگای هێنایەوە ، دانیشت ، بەکلاٌومشکی‌یەکە تەکاندو ئەمانیشی بە ئەژنۆی تەکاندو کلاٌوەکەی نایەوە سەری و بەدەم هەڵ پێچانی مشکی‌یەکەوە ، کەوتە تێنواڕینی ئەو مندالٌە شەش حەوت سالاٌنەیەی بەرەو لای ئەم ئەهات ، کاکۆڵ داهێنراو و بەرگ تەمیزو قیت بوو ، کەمیَ بەبالاٌتر بوو لەو تەمەنەی لە دەم و چاوی‌دا ئەخوێنرایەوە ، هەر لە دوورەوە زەردەخەنەیەکی پڕ لە پاکی لەگەڵ باوکی‌دا گۆڕی‌یەوە ، دوو هەنگاو دوور لە تووەکەوە ، توێشەبەرەو مەشکە بچوکەکەی داناو بەرەو باوکی هات

بابە ماندوو نەبی

باوکی باسکی بۆ ئاوتلاٌ کردو بەدەم لە ئامێزکردنەوە وەلاٌمی دایەوە

ەمەن درێژ بی ڕۆڵە پێشەنگ

باسکە باریکەکەی لەستۆی باوکی کردو بەدەنگە باریکەکەی هەڵی‌دایە

بابە من﴿ ئامانج ﴾م

دلٌۆپیَ فرمێسکی بریسکاوە لەکانی دیدەکانی‌یەوە ، بەنێوان چرچ و لۆچی دەم و چاوی‌دا خۆی دەربازکرد

لەسەر خۆ بە قوڕگێکی نیوەکراوەوە ووتی

ڕۆڵە گیان تۆ پێشەنگی تۆ ئامانجی ، تۆ هەموو شتێکی منی

ئامانج هێندەی بۆ کرا ، توندتر خۆی لە ئامێزی باوکی بخزێنیَ و گەرمتر دەست لە گەردنی بئالێنیَ :

ڕۆڵە ئابزانم چیت بۆ هێناوم؟

بەچالاکی دەستی لە گەردنی باوکی کردەوەو پڕی دایە ، توێشەبەرەو مەشکەکەو هێنایە بەردەم باوکی،

ئەوەتا بابە

باوکی خەریکی کردنەوەی توێشەبەرەکەبوو ئامانج ووتی

بابە ئیشت نی‌یە؟ من بڕۆمەوە

بەخێر بچی ، ڕۆڵە ئاگاداری خۆت بە

خوات لەگەڵ بابە

خوات لەگەڵ

وردە وردە لەدارتووەکە دوورکەوتەوە ، باوکی بەدەم پێچانەوەی پارووە نان و کەرەوە، پاساری تێنوارینی خستە دوای ئامانج ، هێشتا پارووی یەکەمی لە دەمابوو کوڕەکەی لە چاو بزربوو

٥/٥/١٩٧٩ نەینەڤا

# کشانی داوەکان

هەرچەندە پیّیان ووتبوو، بۆ چاوی خراپە ، نابێ سەری شۆڕبکاتەوە ، بەلاّم نەیئەتوانی قنج دانیشێ ، کێ ئەلێ ئەشك و ژانی ساڵەکانی ژیان سەریان پێ شۆڕنەکردۆتەوە .

کوڕەزاکەی لە دوورەوە ، لێی وورد ئەبۆوە:

( تۆ بلّێی ، لەگەنجی‌دا چۆن کچێ بووبێ ، دیمەنی دەم و چاوی لەوە ئەچێ ، ناسکە کچێ بووبێ )

چاوی لێ نەئەتروکاند، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا:

( چی ئەلێی لەگەڵ ژەنگی تەمەن دا، کانزای ژیان ئەشێوێنێ ؟ )

هەستایە سەر پێ ، چووە سەر سەکۆکەی نەنکی لێ دانیشتبوو ، پیرەژنێکی پاك و تەمیزو لەخواترس بوو ، بەو پیریەش سەری بچوایە ، نوێژی نەئەچوو ، ئەوە هەر باسی } ڕەمەزان { مەکە ، شادی‌یەك دەم و چاوی داگیر ئەکرد ، ئەتووت مژدەی گەنج بوونەوەیان داوەتێ .

}نەنە، ساڵی سەفەربەلەك – ت لەبیردێت؟{.

وەکو یادگارێکی دلّفرێنی هاتبێتەوە بیر ، وەکو منالّ تریقایەوە ، قورگی پاك کردەوە“

} چۆن بەبیرم نایە ، وەکو دوێنێ لەبەرچاوە {

یادی بەخێر ، تازە مامە مستەفای جوانەمەرگت لەدایك بووبوو ، باپیریشتیان ڕاپێچ کرد ، کاتێ گەڕایەوە مستەفا کەوتبووە سەرپێ ، خوا هاوار چی بەسەر باپیرت هاتبوو ئەتووت سەد ساڵ دیلی چێشتووە .

دەنگی ئافرەتێ بلّند بۆوە

} لەوێدا دای مەنێ ، بیخەرە تەنەکەکەوە {

ئەیویست ، هەستێ بڕاوەتە دەرەوە ، بەلاّم نەنکی بەری نەئەدا، قسەکەی بۆ تەواو کرد، مرۆڤی پیر زۆر حەز بە ناو قەرەباڵغی ئەکاو تینووی قسەکردنە ، دوورنی‌یە ، مرۆڤ لەپیری‌دا هەست بەنامۆیی بکاو ئەو نامۆیی‌یەش بەقسەکردن و قەرەباڵغی بەلەسەبکات ، ئەم دەمەی تەمەنی مرۆڤایەتیش ، دەورو بەری ژیانی ڕۆژانە ، زۆر زوو گۆڕانی بەسەردا دێ ، تەنانەت هەندێ گەنجیش لەم گۆڕانە خێرایەدا نامۆ ئەبن ، چ جا پیرو بەسالاّچوو کە بەهەزاران داوی یادگارەوە، بەکۆن و ژیانی کۆنەوە بەندن ، هەر یەکێ لەو داوانەش پەنجەرەیەکە بەرەو ژیانی پڕ لە یادگاری گەنجێتیان ، تاکو داوەکانیش بکشێن و درێژتر ببنەوە ، هەست بەنامۆیی‌یان پتر ئەبێ و زۆر تر پێویستیان بەناو قەرەباڵغی و قسەکردنە .

دوای ساڵ و نیوێك باوکتمان بوو٠٠٠

ئێ ، ڕۆڵە،باپیرت زۆر گۆڕابوو، بەئاستەم شێوەی جارانی بەڕووەوە مابوو

بێ ئەوەی نەنکی هەست بکات ، بەرەو دەرگای دەرەوە کشا . نەنکی پاش کەمێ بێ دەنگی ، بەدەم تەزبیح هەڵسوڕاندنەوە، وەك بزانێ – پێشڕەوی کوڕەزای لەپالاّ نەماوە ، ووتی

پێشڕەو ، ئەوە پێشڕەو کوانێ؟

ەنە گیان ، کاکەم چووە دەرەوە.

لەباتی چاوی دەستی بەدەورو پشتی‌دا گێڕا ، جوتێ پێلاّوی منالاّنەی کەوتە بەردەست ، کەوتە ئەم دیوو ئەو دیو کردنی

کچێ ، نەم ووت ئەو پێلاّوانەی لای نەنکتەوە دامەنێ ، فرێی بدەرە تەنەکەی خۆڵەکەوە.

نەنە دەستی لە پێلاّوەکان ئەخست ، بە ناقاییلی‌یەوە ووتی:

بۆچی فڕێی بدات چی‌یەتی؟

نەنەگیان کۆن بووەودڕاوە و پێلاّوی تازەشمان بۆ کڕیوە لەسەرخۆ پێلاّوەکانی لە تەنیشت خۆیەوە دانایەوە.

بەس نی‌یە ئێوە ، گاڵتە بەکۆن ئەکەن ، تازە گیان.

نەنەکوا گاڵتە بەکۆن ئەکەین؟

سابەخوا ئێستاش چوار جووتی تازە ئەهێنێ ، کوا شتی تازە ، تامی کۆن ئەدات نەنەگیان } سەوزە { تەمەنی } پێنج ساڵانە { ، ئیتر پێلاّوەکانی چۆن هی کۆنە .

وەکو بزانێ ، بوکەکەی ڕاست ئەکات ، یان هەست بەبەزین بکات بێ دەنگ بوو ، سەرێکی بۆ لەقاند“

چوزانم ، ئێ چوزانم

تینووێتی بۆ قسەکردن قوڵپی ئەدا ، پاش کەمێ سەری باسێکی تازەی دامەزراند.

سلێمانی ١٩٨٠/٧/٥

جێی بەخۆی نەئەگرت ، ئەتووت لەسەر پشکۆ ڕاگیراوە . بە هەنگاوی وەکو ترپەی دلّی خێرا ، ئەم سەرو ئەو سەری دالاّنەکەی ئەکرد . مژێکی لە جگەرەکەی ئەداو دەستێکی بۆ کاتژمێرەکەی ئەبردو بە دەروازە دوولایی‌یەکەدا ئەبلّەق ئەبووەوە . کابرای دەرکەوان وەك

# دوو دڵۆپ فرمێسک



زۆر هەڵوێستی وای دیبێ ، جارجارە بەنەرمی‌یەوە لیٚی وورد ئەبووەوە. جگەرەکەی لە نیوەدا فڕیٚدا ، پیٚ یەکی خستە سەری و قاچی لەسەر سوڕدا . پاش چاوتروکانێك ئاگری لەجگەرەیەکی تر هەڵسان. مژێکی لیٚدا ، دەستێکی بۆ کاتژمێرەکەی برد ، سەیرێکی دەروازەکەی کرد ، لەبەردەم دەرکەوانەکەدا چەقی :

} نازانم کردیان بەچی؟{.

دەرکەوانەکە لە زووەوە بیری لەقسەیەك ئەکردەوە، کەمیٚ باری خەمی ئەمی پیٚ سوك بکات ، لەسەرخۆ ووتی:

کەمیٚ لیٚی ڕاماو بەخێرایی ڕووی لیٚ وەرچەرخاندو کەوتەوە ئەمسەرو ئەوسەرکردنی دالاٚنەکە . ئەتووت بەدوای سەری کلاٚفەی بیرە ئاڵۆزەکاوەکانیا وێڵە . یان ئەیەویٚ لە دوودڵی‌یەکەی قووتار بیٚ ، بەلاٚم ئەو خێراترەو لەگشت هەنگاوێك دا دەستەویەخەی ئەبێتەوە . مژێکی لە جگەرەکەدا ، فڕیٚی دایە سەرزەوی دالاٚنەکە . وەك بیەویٚ داخی دڵی بەجگەرەکە بڕێژیٚ ، بەپیٚوە چووەسەری و کوژاندی‌یەوە . گەیشتە ئەو سەری دالاٚنەکە ، دەروازەکە کرایەوە ، پیاوێکی قژماش و برنجی لیٚ هاتە دەرەوە. بەدوو هەنگاو گەیشتە بەردەمی.

کەم جار دکتۆر وا بەدەم و چاوی گرژی ئەبینریٚ . بەپەرۆشەوە هاواری کرد

} ها دکتۆر ، چی بوو؟ {

دەستی خستە سەرشانی ، بە دەنگێکی پڕ بەزەیی‌یەوە ، وەلاٚمی دایەوە :

}چەندمان توانی درێغیمان نەکرد ، ژیانیش بەدەست خوایە . ئەبیٚ ببوری{

وەکو لە بانێکەوە بەردرابێتە خوارەوە حەپەسا. دەمی داپچران ، فرمێسکێك لەچاوە ئەبلەق بووەکانی یەوە ، بەسەر ڕوومەتە تەراشکراوەکەی دا خلۆر بووەوە . لە دەرکەوانەکەڕاما .

لە نهۆمی ژێرەوە چاوەڕیٚ بن تالاشەکەیتان بۆ ئەپێچنەوە

دەرکەوانەکە ئەمەی ووت و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو سەرێکی لەقاندو خۆی کرد بە دەروازەکەدا.

باوەڕناکەم ، چەند بە قسە ئاسانە ،(ژینۆ مرد ) . تەنیا دوو ووشە دەرگای قوڵترین ئازار لە ناخی مرۆڤ دا ئەکاتەوە

ئەتووت لە خەوێکی ناخۆش ڕاپەڕیوە . نەیئەزانی چی بکا . لەشوێنی خۆی چەقی .(

باوەڕناکەم شلێر هەرگیز بەرگەی ئەم هەواڵە جەرگبڕە بگریٚ . ئێستا بە تەمایە بێت لەلای بخەویٚ . پێنج ساڵە بە هیوای منالێکەوە ئەژین . بەلاٚم ژینۆ زۆر زوو بەجێت هێشتین ) .

وەکو سەرخۆش ، بیٚ ئەوەی بزانیٚ بەرەو کویٚ هەنگاو ئەنیٚ . گەلۆر گەلۆر بە پێپلیکانەکانا دابەزی .

( چاکم لە بیرە . چاوەڕیٚی هاتنە دەرەوەی مامانەکەمان ئەکرد. گریان و هاواری ئەگەیشتە هۆڵەکە ، زۆری پیٚ نەچوو بیٚ دەنگ بوو ، دەنگێکی زولاڵ کەوتە گریان . مامانەکە هاتە دەرەوە بەرەو ڕووی چووم

مژدە بیٚ کچە

خۆم کرد بە ژووردا . شلێر ژینۆی لە ئامێز کردبوو ، بۆی ڕاگرتم وەك بڵیٚ وەرە بەرهەمی خۆشەویستی‌یەکەمان ببینە ) .

تا لەنهۆمی ژێرەوە نزیکتر ئەبووەوە ، هەناسەی زیاتر سوار ئەبوو ، بیری ئاڵۆزکاوتر ئەبوو . لەبەرخۆیەوە ئەیووت:

پیٚی ناڵێم مردووە . ئەی بڵێم چی ؟ . نانایخەڵەتێنم . ئەی چی بکەم ؟ ڕاستی پیٚ بڵێم بەندی دڵی بپچڕێنم ؟

کەدابەزی ، شلێر بە جانتاکەیەوە بەرەو ڕووی هات.

ئامادەم بڕۆین بۆ لای ؟

ورتەی نەکرد ، کەوەلاٚمی نەبیستەوە ، حەپەسا . بە پرسیارێکی لاڵەوە چاوی بڕی‌یە دەم و چاوە گرژەکەی

چی بووە ، بۆ قسە ناکەی ؟ ژینۆ····

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا ، دایە پڕمەی گریان . ئەمیش شانی گرت و توند نوسانی بە خۆیەوە .

ئەگەر کچمان بوو ناوی ئەنێینەوە ژینۆ{.

بەدەستی‌یەوە شل بوو ، وەکو منالْ ئەگریاو ئەکروزایەوە . هەرچۆنیٚ بوو گەیاندی‌یە کورسی‌یەکی هۆڵەکە ، لە پاڵیا دانیشت . سەری خستە سەرشانی و بە خۆیەوە نوسان . فرمێسکێك خۆی لە گۆمی چاوەکانی‌یەوە دەربازکرد . بەدەم خلۆربوونەوەوە، وەکو ئاونگی بەرەبەیانی ڕۆژێکی هەتاو ئەدرەوشایەوە.

١٤/٨/١٩٨٠ سلێمانی······

# سێ بەرۆ

لە مێژە ئەڵێن ناساغە
دیم چوار پیاو بۆیان ڕاگیرنەئەکرا، هاواری ئەکرد؛
- ( ڕەبی مووی لێ بێ زمانی و .....)
یەکێک لە چەتەوڵەکانی خزمی ووتی:
- ( دیسان وڕێنەکەیە ).
- ( تاکەی بەرز بۆتەوە ).
- ( ئەبێ گرانەتا بێ ).
قولێپێکی هێناو ڕشایەوە؛
- « بە خوا ووتم گرانەتایە ! )
هاواری کرد؛
- (هەر خۆم ئەزانم کوێم دێشێ)
- ( جگەرەشی لێ بێزراوە).
- ( ئەی بۆ نالێی، وەک دووگیان بێزوو ئەکات).
ئەوەی ئەم بێزووی پێوە ئەکرد، تا ئەم دواییەش بەشێ بوو لە خوانی، ژیانی،
- ( بابیبەینە نەخۆشخانە)
- ( بڵێین چی ؟ )
- ( گرانەتایەتی وبڕا یەوە).
- (تۆ بڵێی جلەکانی بسووتێنن؟).
- ( ئەی نازانی گرانەتا بڵاوئەبێتەوە ؟ ).
نۆرەیەک - (واسووتام، خواتان بێ، بەزەیی یەک )
- ( تانە)
- ( خۆم ئەزانم کوێم دێشێ )
-(خوا گرتوو، هەڵسە دەم وچاوت بشۆ، با بەرت بات، ئەزانی چ ڕەوزنەیەکی)
-( دەم وچاوم بشۆم، بۆچ؟ دەمم پاک وچاوم ڕۆشنە)
- کە وتەوە قسە بزرکاندن، ئەڵێم گرانەتایەتی !! ...

چۆن مەی نەڕژێ، شووشە.....

ژەنگی خەم دڵی گرتووم، حەز ئەکەم بگریم، هەر ئەبێ بڕۆینەوە.... هەموو سوچ و کۆڵانێکی، یادگارێکی تیایە و بەشێکە لە جەرگم، لە دووری دا تامی هەموو شتێکم لە زار دا تاڵە... تائێستاش وێنە و ئەندێشەم لە سەر جامی کتێبخانەکان نەڕەویوەتەوە، نەچەوە گوێم، نامۆ....

- « ئەڕۆی بە تەنیا بڕۆرەوە!»

* * *

دڵم ئاوی خواردەوە، هاتمەوە، تینووی کتێبخانەکانم، هەنگاوەکانم شارەزان..... دوکانی کتێبخانەکان هەر لە شوێنی خۆی دا بوون، بەڵام ڕۆشنتر و سەرقاڵ، چوومە پێشەوە، لەباتی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار، گۆشت و جگەرم دی.....

* * *

هێشتا کەژەکان سەرکەشن، پیرەمەگروون تارای سپی بەفر بەسەرەوە، بەدیار شارەوە داماوە، هەواو سروشت هەرقەشەنگە و مژدەی نووهاتنی نێرگزەجاڕی پێیە، باڵندەکان، بەرەو گەرمیان ئەچن... دە پیرەمەگروون ڕابە، سەرپۆشی بەفرت فڕێدە، هێندەی حەزی جاران، ڕقم لە فریشتەی بەفرە.

١٩٨٨

# ساکۆی سیام

*

ڕەشبەڵەکی شینە، دەست لێک بەردان، لێک ترازان
ـ(لەبەری چەم، یەک ئەگرینەوە).
هوروژمەکە گەرمی و تینی ماسولکەی سارد و شل کردنەوە، وەک بازنەی دووکەڵ پچڕا، قاووقیژی زارۆ و مێرد منداڵ، هاواری باوان...... گەیشتنە بەری چەم بازنەکە ئەڵقەیەکی کەم بوو

* * *

هات، هاتم گوێت لەپرخەم نییە، ئەوە گرمەی پێم، ئەوە زرمەی مستم،
ـ(کوا نەهات، دڵم هەر تەپەی دێ؟)
کابرایەک لەو بەرەوە، هستریایانە هەڵئەبەزییەوە، هاواری ئەکرد
ـ(خۆزگەم بە خۆم، هێشتا هاخۆم...)
هەستی کرد، نەک ئەو پیاوە، بەڵکو هەموو وڕێنەیانە

* * *

نەرد و سور، وەک مەیانی لای خوار شار، بەیەکدا ئەچوون، لەجیاتی چاو بە دەستی ڕوخساری هەندێکی خوێندەوە، گرتنیە ئامێز...... ئەڵێن هەستی دایک زۆر چاوتیژە خورپەی کەوتە دڵ
ـ(بۆن بۆنی ئەوە، تەپەی دڵیشی).
بەڵام ڕاما، حەپەسا، دڵی نەیهێنا دایکێکی تریش هەتیو بخات....!

١٩٨٨